
# گوڵان

www.gulan-media.com

هەفتەنامەیەکی سیاسیی کشتییە


## لە ژمارەکانی دادێ چاوەڕێی


# دیمانە تایبەتەکانی گوڵان بن لە ئەستەنبوڵ



جەنگی چاندار



محەمەد عەلی بیراند



حەسەن جەماڵ

مستەفا قەرەیاغلۆ

# بوونیاتنانەوەی عێراقێکی دیموکراسی و فیدراڵ

## پێویستی بە عەقڵییەتێکی پێگەیشتووە نەک قەومی و مەزهەبگرایی












■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@yahoo.com
تەلەفون: ٢٢٣٢٣٨٥
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٢٣٥٨

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hussn
frhd_mhmd@yahoo.com
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ دیزاین
لوقمان ڕەشیدی

■ بەرگ
محەمەد قادر

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
خەلیل بلەیی: هونەری
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - گەڕەکی مستەوفی
بەرانبەر فەرمانگەی دادنووسی هەولێر

ژمارە (٦٦١) ٢٠٠٧/١١/٢٦

# سەرکردە تورکەکان کەشێکی ئیجابی بەدیدەکەن



ئیلینور چەڤیک

دوای ئەو گرژی و ئاڵۆزیانەی بە هۆی ئەگەری ئەنجامدانی هێرشێکی سەربازی گەورەوە لە لایەن تورکیا بۆ سەر عێراق بۆ لەناوبردنی میلیشیاکانی PKK لە چیاکاندا سەریان هەڵدا ئێستا کەشەکە بە ڕەوتێکی خێرا بەرەوپێشچوونی ئیجابی بە خۆوە دەبینێت لەگەڵ ئیدارەکەی بارزانیدا، ئەو ئیدارەیەی ئاماژەکانی ئامادەیی دەربڕیووە بۆ هەڵگرتنی هەنگاوگەلێکی کاریگەر بە چەشنێك کە چەکدارانی PKK " هەست نەکەن لە وڵاتی خۆیاندان" لە کوردستاندا.

شەرمێکی گەورەیە ئەم شتانە دوای ئەو هەموو ئاڵۆزی، تۆمەتبارکردن، فشارانە ڕوودەن. ئێمە وەکو دۆستەکانی کوردستان چەندین جار لە ڕابردوودا هۆشیاریماندا کە تەنانەت سەرکردە میانڕەوەکانی تورکیاش وەك عەبدوڵلا گوڵ تا دوا ڕادە نائاسودەن و ئارامی و خۆڕاگرتنیان بەرەو کۆتایی دەچێت و پێویستە ڕێوشوێنگەلێك بگرینەبەر بە چەشنێك چەکدارانی PKK هەست نەکەن لە وڵاتی خۆیاندان لە کوردستاندا. بەڵام پێدەچێت کەس ئەم هۆشداریانەی ئێمەی بە جیددی وەرنەگرتبێت و کاتێك تورکیا دەستیکرد بە خستنەگەڕی گوشارێکی گەورە لە سەر واشنتۆن و سەرکردایەتی عێراقی دەرەئەنجامی بەدەستهێنا.

ئێستا کەشەکە لە گۆڕاندایە بە هۆی ئەو بەرەوپێشچوونە ئیجابییانەی لە کوردستاندا ڕوودەدەن.

سەرۆك گوڵ تا ڕادەیەك ئاسودەیە بەوەی " هەستێکی هاوبەش لە باکووری عێراقدا لە پێکهاتندایە" و سەرکردە کوردەکان دەستیان کردووە بە هەڵگرتنی هەنگاوگەلێکی گرنگ و جیددی لە دژی PKK.

هیچ کەسێك پێشبینی ئەوەی نەدەکرد سەرکردایەتی کورد فەرمان بە پێشمەرگە بدات لە دژی PKK شەڕ بکەن. بەڵام چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد سەرکردایەتی کورد ئازادی PKK سنورداربکات لە گەیشتنیان بە سەرچاوەکانی کوردستان.

ئێمە هەمیشە ئەوەمان بۆ برا کوردەکانمان دووپات کردۆتەوە تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی گەورە بۆ سەر کوردستان ئەنجام نادات و زەرەروزیان و ئازار بە دانیشتووانە کوردەکە ناگەیەنێت. کەس بە راستی گوێی لێنەگرتین. ئێستا دەرکەوت ئێمە راستین.

سەرەتا سەرکردایەتی کورد ئەو هەنگاوانەیان گرتەبەر بۆ سنووردارکردنی گەیشتنی PKK بۆ شار و شوێنە ئاوەدانەکان. بەو پێیە ناتوانن تێکەڵی دانیشتووانەکە بن و پڕوپاگەندە بکەن. هەروەها هەڵسان بە ڕێگەگرتن لەوەی ڕۆژنامەنووسەکان بە ئازادی گەشت بکەن بۆ چیاکان و دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ PKKدا ئەنجام بدەن و پڕوپاگەندەی تیرۆریستی بڵاوبکەنەوە.

شتێکی زۆر ئیجابی بوو کاتێك لە ئەنقەرە هەواڵی ئەوە بیسترا دۆستی ئازیزمان نێچیرڤان بارزانی ڕۆژنامەنووسەکانی کۆکردۆتەوە و پێی ڕاگەیاندوون ئەو بابەتانە بڵاونەکەنەوە کە دەبنە هۆی پەرەپێدان و هاندانی PKK.



هەروەها ڕاگەیاندنی سەرکردایەتی کورد بەوەی هەقیان نییە گەر هێزەکانی تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی سنوورداریان لە دژی PKK ئەنجامدا لە باکووری عێراق و زۆر بە باشی پێشوازی لێکرا لە ئەنقەرە.

شاندێکی پارتە کوردیەکان بەم دواییە سەردانی ئەستەنبوڵیان کرد و بەلای کەمەوە شێوەیەك لە دیالۆگیان دەستپێکرد لەگەڵ دەسەڵاتە تورکیەکاندا. هەموو ئەمانە شتی ئیجابین.

کەشەکە بە شێوەیەکی ئیجابی لە گۆڕاندایە. کاتی ئەوە هاتووە ئەم پەرەسەندنە ئیجابیانە ئیستغلال بکرێن و برایەتی نێوان کورد و تورك لە سەر بنچینەگەلێکی نوێ زیندووبکرێتەوە.

پێویستە هەموومان بەشێکی ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنین.

با ئەوەمان لەبیرنەچێت هێشتا هەندێك هێز لە تورکیادا ماون کە هەموو شتێك دەکەن بۆ تێکدانی هەموو ئەو شتە باشانەی ئاماژەمان پێکردن.

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

# تورکیا پێویستی بە ئاسمانێکی شین و گوڵی سەوز و خاکێکی زەرد هەیە



فەیسەڵ دەباغ

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

لە چەند رۆژی رابردوودا، شەش هەڵوێست سەرنجیان راکێشام:

-١ لێدوانە قورسەکەی عەبدوڵڵا گوڵی سەرۆك کۆماری تورکیا کە دەڵێ:" سوپای تورکیا توانای سڕینەوەی عێراقی هەیە لەسەر نەخشەی جیهاندا".

-٢ لێدوانەکەی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا کە تیایدا داوای لە چەکدارانی پەکەکە کرد چەکەکانیان فڕێبدەن و دەستبدەنە کاری سیاسی.

-٣ لێدوانەکەی ماسیو برایزای جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کە دەڵێ: سەرەڕای ئەوەی کە پەکەکە زیانی بۆ ئەمەریکا نەبووە، بەڵام بە دوژمنی خۆی دایدەنێ.

-٤ وتارەکەی ویزلی کلارك فەرماندەی پێشووی ناتۆ کە لە رۆژنامەی فاینانشال تایمزدا بە ناونیشانی (لەشکرکێشی وەڵامێکی هەڵەیە بۆ کێشەکانی تورکیا) بڵاویکردۆتەوە کە تیایدا دەڵێ:"سەنتەری هێزی پەکەکە هەرگیز لە کوردستانی عێراقدا نییە و نەبووە، بنکەی جەماوەری لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیایە و بنکە داراییەکەشی لە شارەکانی ئەوروپایە".

-٥ داوای داواکاری گشتیی تورکیا بە داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات(دەتەپە).

-٦ وتەکەی شیمۆن پیریزی سەرۆك ئیسرائیل لە پەرلەمانی تورکیا کە بە پارچە شیعرێکی شاعیری کورد جاهیرسیتکی دەستی پێکرد کە تیایدا دەڵێ: وڵاتێکم دەوێ خاوەن ئاسمانێکی شین و گوڵی سەوز و خاکێکی زەرد بێ، وڵاتێکم دەوێ دیارییەکانی گوڵ و کێشەکە بێ، وڵاتێکم دەوێ شەڕی نێوان برایانی تێدا نەمابێ، وڵاتێکم دەوێ کە جیاوازی نێوان دەوڵەمەند و هەژار و من و تۆی تێدا نەبێ.

من هەر وەك نووسەرانی خاوەن ژیار وەڵامی ئەو لێدوانەی گوڵ نادەمەوە کە ئێستا سەرکردایەتی رەوتێکی چاکسازی لە ناو تورکیا دەکات و هەوڵیش دەدات وڵاتەکەی لە عەقڵیەتی عەسکەرتاری رزگار بکات و زەوینەی دیموکراسی بۆ کاری سیاسی بێنێتە ئاراوە.

خۆشبەختانە دەڵێم ئەو لێدوانەی گوڵ وەك پەڵە هەورێکی وەرزی هاوین هاتوورۆیشت و کەسیش ئامادە نەبوو بە یەك وشەش وەڵامی بداتەوە.

ماوەیەکە ئەنقەرە خەریکی پلانێکە کە چۆن بتوانێت بەهۆیەوە پەکەکە تێکەڵی پرۆسەی سیاسی بکات. بەپێی رۆژنامەی (حورییەت)ی تورکیا، ئەردۆگان لەسەردانەکەی ئەم دواییەی بۆ ئەمەریکا و کۆبوونەوەی لەگەڵ هەر یەك لە جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمەریکا و کۆندالیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە، بیناتنانی پرۆژەیەکی گشتگیر سەبارەت بە چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا لە گەڵدا تاوتوێکردن، بەپێی قسەی هەمان رۆژنامە لێدوانەکانی ئەم دواییەی ئەردۆگان کە داوای لە پەکەکە کردبوو چەك فڕێبدەن و خەریکی سیاسەت بن، ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ئەردۆگان سەرقاڵی پرۆژەیەکی وایە.

ئەردۆگان لە میانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا سەبارەت بەداوای چەك فڕێدانی پەکەکە و هاتنە گۆڕەپانی سیاسییەوە گوتی:" ئەوان لە دەستی خۆیاندایە، یان ئەوەتا چەکەکانیان فڕێدەن و لەبری ئەوەی روو لە چیاکان بکەن بێنە ناو شارەکانەوە و لەسەر سەکۆی سیاسی پێشبڕکێی پێویست بکەن، یان ئەوەتا ئەم بارودۆخەی ئێستایان پەسەند بکەن".

لەوانەیە ئەو خیارەی ئەردۆگان ئاراستەیەکی راستەقینە بێ، بەتایبەت پاش لێدوانەکی فەرماندەی هێزە زەمینییەکان باشبوك کە گوتی: چەند هەڵسوکەوتێك لە ئارادان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو چەکدارانەی کە لە شاخدان".

چاودێرە سیاسییەکانی تورکیا هەرچەند ئەم لێدوانەی ئەردۆگان وا لێك دەدەنەوە کە لەوانەیە بۆ ئەو مەبەستە لێبووردنێکی گشتی دەربکات، بەڵام جەمیل چیچك جێگری سەرۆك وەزیران هەر زوو وەڵامی ئەو چاودێرانەی دایەوە و گوتی:

"حکومەت ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەك لێبووردنی گشتی بۆ پەکەکە دەربکات".

وتیشی: لێدوانکەی سەرۆك وەزیران بەو مانایە نەبووە کە لێبووردنی گشتی بۆ پەکەکە دەربکرێت، بەڵکو ئاماژەی بەوە داوە کە لە وڵاتێکی دیموکراسیدا پێویستە کێشەکان دیموکراتییانە چارەسەر بکرێن و بە هەڵە لێدوانەوە بۆ وتەکانی کراوە".

رۆژنامەی (رادیکال)ی تورکی سەربارەت بەو لێدوانەی ئەردۆگان دەپرسێ و دەڵێ: ئاخۆ ئەردۆگان بۆ ئەم مەسەلەیە رەزامەندی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان یان حکومەتی تورکیای وەرگرتووە؟

ئایا مافی رای گشتی نییە ئاگاداری هێڵەکانی ئەو پرۆژەیە بێت؟

بەتایبەتی هەردوو پارتی(مەهەپە) و (جەهەپە) لەوانەیە دژی ئەو پرۆژەیە رابوەستن و بە خیانەتی لە قەڵەم بدەن.

هەر ئەو رۆژنامەیە بەدووری نازانێ کە عەسکەر ئاگاداری ئەو پلانە بێ، بەڵام سەرەڕای ئەو ئاگادارییە خەریکی خۆرێکخستنەوەیە بۆ هەر ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو.

گەیشتنی جێگری فەرماندەی ئەرکانی ئەمەریکا جێمس کارت و فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق پاتریۆس بۆ ئەنقەرە و کۆبوونەوەیان لەگەڵ جێگری سەرۆك ئەرکانی تورکیا سایگۆن دەچێتە چوراچێوەی ئەو ئامادەکارییە.

هەواڵەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرۆکایەتی ئەرکان خەریکی ناردنی مانگێکی دەستکردی سەربازییە بۆ چاودێریکردنی ئەو کردە سەربازییە سنووردارەی کە بڕیار وایە تورکیا بە هەماهەنگی هەواڵگری ئەمەریکا لە دژی پەکەکە ئەنجامی بدات کە سەرۆك بوش لە دوا دیداریدا لەگەڵ ئەردۆگان ئەو رێکخراوەی بە دوژمنی ئەمەریکا لەقەڵەم دا.

ماسیۆ برایزای جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەرسورمانی خۆی بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی ئەمەریکا نیشاندەدات و دەڵێ: (ئەمەریکا گرنگی بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا دەدات، کە ئەمەیش وای لێکرد بۆ یەکەم جار پەکەکە بە دوژمنی خۆی بناسێت و بەمەیش وڵاتەکەم کەوتۆتە مەترسی پەکەکەوە).

لە راگەیاندراوێکدا کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە داوای کرد کە پێویستە جۆرج بوش ئەوە بسەلمێنێت بۆچی پەکەکە دوژمنی ئەمەریکایە، پەکەکە چەندین جار گرنگیان بە داواکاری ئەمەریکا داوە، وەکو راگەیاندنی ئاگربەستی پێنجەمینی پەکەکە کە لە کۆتایی ساڵی رابردوو راگەیانرا، هەروەها ئازاد کردنی هەشت سەربازە تورکەکە). لە بەشێکی تری راگەیاندراوەکە هاتووە کە پەکەکە هیچ رۆژێك ئەمەریکا بە دوژمنی خۆی نەزانیووە، ئیتر بۆ ئەمەریکا ئەو هەڵوێستە دژ بە پەکەکە وەردەگرێ.

هەر سەبارەت بە پەکەکەوە، وێسڵی کلارك فەرماندەی هێزەکانی ناتۆ لە وتارێکیدا سەبارەت بە هێرشە چاوەڕوانکراوەکەی تورکیا دەڵێ (هێرشی سەربازیی تورکیا، وەڵامی گونجاو نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکە و پێویستە رێگەی دیپلۆماسی هەمە لایەنە بگرێتەبەر بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆسێیەیە ).

ئەو بەرپرسە لە درێژەی وتارەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە تورکیا لێبوردنێکی گشتی بۆ چەکدارانی پەکەکە دەربکات، توندڕەوەکانی ئایرلەندای باکووریش وەك نموونەیەك دەهێنێتەوە کە هاوشێوەی دۆسیەی پەکەکە بوو و بەو ستراتیژە چارەسەرکرا، راشیگەیاند(سەنتەری هێزی پەکەکە هەرگیز لە کوردستانی عێراق نییەو نەبووە ، بنکەی جەماوەری لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیایە و بنکە داراییەکەشی لە شارەکانی ئەوروپایە).

بە هەر حاڵ بەپێی لێکدانەوەی چاودێران لێدوانەکەی ئەرۆدگان ئەگەر هەنگاوی پراکتیکی بە دواوە بێت حەتمەن سەرکردەکانی پەکەکە پێشوازی لێ دەکەن و لەم رووەوەش ئاماژە بە راگەیاندراوێکی پەکەکە دەکەن کە هەر کاتێك رێگەچارەیەك هەبێت و تورکیا و کێشەکە بە رێگەی ئاشتی چارەسەر بکات ئەوە پەکەکە ئامادەیە چەك دابنێ.

لە کاتێکدا ئەردۆگان خەریکی پرۆژەیەکی وایە، پارتی (مەهەپە) و هەروا داواکاری گشتی تورکیا مەسەلەیەکی دیکەیان وروژاندووە کە تا رادەیەکی زۆر پەیوەندی بە پەکەکە و ئەو هەوڵانەی ئەردۆگانەوە هەیە، کە ئەویش مەسەلەی داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتە( دەتەپە).

دەوڵەت باخچەڵی سەرۆکی (مەهەپە) داوای لە دادگای دەستووری کرد کە ئەو پارتە دابخرێ، ئەردۆگانیش لە وەڵامی ئەو داوایە گوتی:( ناتوانرێ ئەو پارتەی کە بە هەڵبژاردنێکی دیموکراتی هاتبێتە ناو پەرلەمان، بە هەڵسوکەوتێکی ناو دیموکراتی دابخرێ، ئەگەر ئەوە کرا واتە ئێمە بە زۆری ئەندامەکانی بەرەوچیا پاڵیان پێوە دەنێین).

مەسەلەی داخستنی پارتی( دەتەپە) بووەتە ناوەڕۆکی گفتوگۆیەکی فراوان لە ناو تورکیادا، نێوان کەمینەیەکی لاگیر و زۆرینەیەکەی دژ، کە ئەردۆگان لە پێشەوەی ئەو زۆرینەدایە و پێی وایە لابردنی پارێزەریی (حصانە) لەسەر پەرلەمانتارە کوردەکان و داخستنی پارتەکەیان سوودێکی ئەوتۆی نابێ، بۆ ئەو هەڵوێستەش ئەوەیان دێنێتەوە یاد کە چۆن داخستنی پارتی دیموکراتی گەلی کورد لە ساڵی ١٩٩٤ دا نەبووە هۆی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، (٧) پەرلەمانتار بەندکران و دوانیشیان(رەمزی کارتال و زوبێر ئایدار) بەر لەلابردنی ئەو پارێزەییە بۆ دەرەوەی وڵات هەڵاتن، و چوونە ناو پەکەکە و لەوێش پلەی بەرزیان پێ درا، هەروا ئەوەیان دێنێتەوە یاد کە چۆن لەسەر ئەو مەسەلەیە دادگای ئەوروپا بۆ مافی مرۆڤ سزای ئەنقەرەی دا، پاش ئەم هەڵوێستەی ئەردۆگان،( دەتەپە) هەر زوو پشتگیری لێکردو داوای لێکرد کە لەسەر ئەو هەڵوێستەی بەردەوام بێت و دەستپێشخەریش بێ لە دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی، پرسیار لەوەدایە: ئایا هۆکاری ئەو هەڵوێستەی ئەردۆگان و بەرگریکردنی لە (دەتەپە) چییە؟

تا دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا کە لە ٢٢ی تەمووز بەرێوەچوو، هەڵسوکەوتی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان لەگەڵ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی هەندێ جار دوژمنکارانە بووە و هەندی جاریش دیپلۆماسیانە.

هەڵسوکەتە دوژمنکارانەکەی لەبەر ئەوەبوو:

-١ هاوچاوی پارتی عەدالەت بوو لە ناوچە کوردنیشەکان.

-٢ بۆ رازیکردنی عەسکەر، پێویستی بەوە بوو کە بە توندی لەگەڵیدا بجولێتەوە.

هەڵسوکەوتە دیپلۆماسییەکەشی لەوەدا بوو کە ئەوکات جەماوەرێکی زۆری کوردی تورکیا پاڵپشتی پارتی عەدالەتیان دەکرد، بەتایبەتی پاش لێدوانە نەرمەکانی ئەردۆگان لە شاری دیاربەکر سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی فایلی کوردی و هەروا پێگەی پارتی( دەتەپە) و راکێشانی بۆ لای خۆی لە هەر رووبەڕووبوونەوەیەکیدا لەگەڵ هێزە عەلمانییەکاندا، بەڵام ئێستاکە بەرگریی لێ دەکات هۆکارەکەی بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە.

-١ وەرگرتنی بڕیارێکی وا و جێبەجێکردنی لەلایەن دادگای دەستوورییەوە، هەڵوێستی پەکەکە بەهێزتر دەکات کە بۆ چەکی هەڵگرتووە و گرەوەکانی پارتی عەدالەتیش بە دیموکراتیزە کردنی تورکیا و داواکردن لە پەکەکە کە چەکی خۆی فڕێبدات و روو لە کاری سیاسی بکات بە فیرۆ دەچێ و پرۆژەکەی ئەردۆگانیش لەبار دەبات.

-٢ کاریگەری بڕیارێکی وا لە ناوەوە و دەرەوەی تورکیادا، بەتایبەتی پارتی (دەتەپە) ئەندامێکی سۆسیالی دیموکراتی جیهانییە.

-٣ داخستنی ئەو پارتە کارتێکی بەهێز دەداتە دەست ئەوانەی لە یەکێتی ئەوروپا تورکیا ناخوازن.

-٤ داخستنی ئەو پارتە دەبێتە هۆی دروستبوونی پارتێکی دیکە، پارتی عەدالەت دەترسێ نەوەکو ئەو پارتە نوێیە دەنگی خەڵکی ناوچەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

تورکیا هەر وەك شاعیری کوردی جاهیر سیتکی تارانجی دەڵێ: پێویستی بە ئاسمانێکی شین و گوڵی سەوزو خاکێکی زەرد هەیە کە دیارییەکانی هەمیشە گوڵ و کێشکە بن، شەڕو ئاژاوەی تیا نەمێنێ و بەیەك چاو سەیری پێکهاتە ئەتنییەکانی بکرێ، بەڵام ئایا دەبێ بەرپرسانی تورکیا لە مەبەستی ئەو شیعرە تێگەیشتبن کە شیمۆن پیرێزی سەرۆکی ئیسرائیل لە ناو پەرلەمانی تورکیادا خوێندیەوە؟

**ئەگەر لێدوانەکەی ئەردۆگان، هەنگاوی پراکتیکی بەدواوە بێ، حەتمەن پەکەکە پێشوازی لێدەکا!**

**داخستنی دەتەپە، پرۆژەکەی ئەردۆگان لەبار دەبات و کارێکی بەهێز دەداتە دەست ئەوانەی لە یەکێتی ئەورووپی، ناخوازن**

# DTP کەوتۆتە نێـوان ناڵ و بزمار



ئاسۆ کەریم

دوور نییە پارتیا جڤاکا دیموکراتیك (DTP) لەلایەن دادگای دەستوورییەوە قەپات بکرێ و، چەند ئەندام پەرلەمانێکی ئەو حزبەش لەوانە (فاتیمە کورتولان، ئایسەل تۆغلوك، ئۆسمان ئۆزچەلیك، نورەددین دەمیرتاش...)، ئەگەر حەسانەی پەرلەمانییان لەسەر لاببردرێ، بەلانی کەمەوە هەر یەکە حەفت ساڵ و نیو زیندانییان بۆ ببڕێتەوە، ئەوە ژی رەوشەکە ئاڵۆزتر دەکا، بەپێچەوانەش ئاسۆیەکی دی دەکرێتەوە!

● لەوەتەی ئەم حزبە، لە هەڵبژاردنی ٢٢ی تەمموزی ٢٠٠٧دا، (٢١) کورسی لە پەرلەمانی تورکی بەدەستهێناوە، لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی تورکییەوە، کێشەو گرفتی بۆ دروست کراوەو دەکرێ. رۆژ نییە لە میدیای تورکیدا، چ باش چ خراپ، قسە لەسەر DTP نەکرێ. ئەو شاڵاوە چڕو پڕە، سەرباری گرتن و تەنگ پێ هەڵچنینی ئەندامەکانی DTP، لەدوای پەلامارەکانی پەکەکە بۆ سەر هێزەکانی تورکیا لە مانگی ئۆکتۆبەردا، تیرتر بووە. لەهەمانکاتدا جیاوازی نێوان هەڵوێستی پارتی دادو گەشەپێدان، کە لەگەڵ داخستنی DTP دا نییە، لە لایەك و هەڵوێستی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی (مەهەپە) و پارتی کۆماریخوازی گەل (جەهەپە)، کە لەگەڵ قەپاتکردنی دان، لە لایەکی ترەوە روونتر بووە. لەسەرینی ئەمەشەوە ئاق پارتی کەوتۆتە بەر رەخنەو پەلامارێکی توندی ئۆپۆزیسیۆن و، بەوە تاوانباری دەکەن کە لە پشت پەردەوە لە ژووری داخراودا لەگەڵ پەکەکەدا رێککەوتووە! ئەمەش ئیحراجێکی بۆ ئاق پارتی دروست کردووە.

● DTP وەکو حزب بەوە تاوانبار دەکرێ کە: ١- پێوەندیی سیاسی و تەنزیمی لەگەڵ پەکەکەدا هەیە، لەکاتێکدا پەکەکە بە رێکخراوێکی تیرۆریست ناسراوە لە تورکیا، یان بەلایەنی کەمەوە بە باڵی سیاسیی پەکەکە دادەنرێ، یان درێژبووەوەی سیاسیی پەکەکەیە لەناو پەرلەمانی تورکیادا، یان گوایا پروپاگەندە بۆ پەکەکە دەکاو تا ئێستا ئامادە نەبووە پەکەکە بە تیرۆریست بناسێ ٢- یەکێتیی خاك و سەروەریی دەوڵەتی تورکیای خستۆتە بەر مەترسی، بەتایبەتی کە DTP لە دوا کۆنگرەی خۆیدا، تێزی (ئۆتۆنۆمی دیموکراتی) هێناوەتە گۆڕێ و ئاڵای تورکی لە کۆنگرەدا هەڵنەداوە سروودی نەتەوەیی نەگوتۆتەوە، یان لەبەر ئەوەی داخوازی دانانی بەناسنامەی کورد لە دەستووردا دەکا. ئەوەش پێچەوانەی فەلسەفەی دامەزرانی کۆماری تورکیایە (یەك دەوڵەت، یەك ئاڵا، یەك نەتەوە).

● هەرچی ئەندام پەرلەمانەکانی DTPن، بەو سێ ئەندامەشەوە کە ٨ سەربازە بەخسیرەکەی تورکییان لە ٤ی ئەم مانگەدا، بردەوە تورکیا، بەبیانووی هاتنە کوردستانی عێراق و دەست لەناو دەستنانی "تیرۆریستان"، پێشێلکردنی مادە (١٤)ی دەستوورو مادە ٣٠١ی قانوونی سزاکانی تورکی و تۆمەتی جۆراو جۆری دی، پەروەندەو فایلیان بۆ سازکراوەو هەموو جولەو ئاخاوتن و کارێکیان خراوەتە ژێر چاودێری و داواش لە پەرلەمان کراوە حەسانەی پەرلەمانی لە سەر ئەو (٣) ئەندامەی DTP هەڵبگرێ تا رایان بکێشنە بەردەم دادگا، دیارە بۆ ئەوەی حەسانەش لەسەر پەرلەمانتار هەڵبگیرێ دەبێ بە لانی کەمەوە یەك لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان (١٨٤ ئەندام) لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبن کە بڕیارەکەی تێدا دەدرێ و بڕیاریش بە زۆرینەی رەهای ئامادەبووان (٩٣ ئەندام) وەردەگیرێ. هەڵبەت، ئەگەر ئاق پارتی لەسەر هەڵوێستی خۆی سوور بێت، دەتوانێ رێگە لە هەڵگرتنی حەسانە لەسەر ئەو پەرلەمەنتارانە بگرێ. بەڵام گریمان ئاق پارتی رێگەی نەدا، لەبەرانبەردا چ لە DTP دەخوازێ؟ DTP تا چەند بەدەم داخوازییەکانی ئاق پارتییەوە دێ کە یەك لەو داخوازییانەی ئەوەیە DTP خۆی لە پەکەکە دووربخاتەوەو بە (تیرۆریستی) بزانێ، دیارە یەکێتیی ئەورووپیش کە پێی خۆش نییە DTPدابخرێت، چاوەڕێی هەمان شت لە DTP دەکا، واتە DTP کەوتۆتە نێوان ناڵ و بزمار، ئایا هەر لەسەر هەڵوێستی ئێستای دەمێنێتەوە کە ئامادە نییە پێناسەی پەکەکە بەو شێوەیەی ئاق پارتی دەیخوازێ بکا، یان وەك دڵێن پەرلەمەنتارەکانی ئەو حزبە دەست لەکار دەکێشنەوە، یان (حیلە شەرعی)یەك دەبینێتەوە و گەرەکیەتی دەوری شین-فین-ی ئێرلەندی ببینێ! یان ئەوەتا دەچێتە ژێر ئەو فشارەو خۆی لە پەکەکە دادەبڕێ و ئەودەمە لەلایەن پەکەکەشەوە، "مۆری خیانەت"ی پێوەدەنرێ، چونکە وەکو دەزانرێ بنکەی جەماوەریی پەکەکە لەناو تورکیادا، دەنگیان بە کاندیدەکانی ئەو حزبە دا لە هەڵبژاردنی ٢٢ی تەمموزی ٢٠٠٧دا.

● ئەوە لە کاتێکدا هەر لەم ماوەیە، بەتایبەت لەناو هەندێ لە جەنەراڵە خانەنشینەکاندا، باس لەوە دەکرێ کە نابێ گرفتی پەکەکە و کێشەی کورد تیکەڵ بەیەك بکرێ، دان بە چەوت و چەویلی سیاسەتی پێڕەوکراوی پێشوودا دەنرێ، باس لە هەڵێنانەوەی هەنگاوی ریفۆرمیستانەی ئازا لەمبارەوە دەکرێ و هەست بە جۆرە هێوربوونەوەیەك لەسەر سنووری تورکیا-عێراق دەکرێ، کەواتە قەپاتکردنی DTP پێچەوانەی ئەم رەوتەیە.

● بەرپرسانی باڵای تورکیا، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ریفۆرمگەلێکی گرنگ تا کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوو بەرێوەن، لە دەستکاریکردنی ئەلف و بێی تورکییەوە ( لە ٢٩

Aso2karim@yahoo.com
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

پیتەوە ببێ بە (٣٢) بگرە تا دامەزراندنی پەخشــی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە شــارەوانی و ئیــدارەی خۆجێی. تەنانەت هەندێ بەرپرســی ئەورووپی ئەوەشــیان بەگوێی حکووتی تورکیــا داداوە کە چ قەیدیە بــا کورد ناوچەی ئۆتۆنۆمی خۆیان هەبێ، ئەوە لە باســك و شــوێنی دی شتی وا بووەو وڵاتیش پارچە-پارچە نەبووە، لەکاتێکدا کورد لە هەندێ ناوچەی باشــووری رۆژهەڵاتدا زۆرینــەن، نزیکەی ٪٢٠ی دانیشــتوانی تورکیــا دەبن و کێشەیەکیشیان هەیەو کەس ناکارێ نکوڵی لێ بکا. ئەمەیش لەگەڵ ئیلتیزاماتی تورکیا بە رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەوانــە (ماددە ١ و ٢٧ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنــی و سیاســییەکان) و (پێوەرەکانــی کۆپنهاگن) کە پێویستن بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپیدا، دێتەوە.

• هەندێ لەو مافانەی کە ئێســتا لــە تورکیا بەپارێزەوە باسیان لێ دەکرێ، لە سەردەمی مەلەکیدا لە عێراق هەبوون. بۆ نموونە پەخشــی رادیۆیی بە زمانی کوردی، پێموایە لە ١٩٣٩-وە لــە عێراق هەبووە. بــواری دەرکردنی رۆژنامەو گۆڤار و کتێــب بە کوردی و کردنەوەی یانەی کولتووری و کۆمەڵایەتیــی کوردی هەر لە زووێکەوە هەبوون. خوێندن لە قۆناخی ســەرەتایی بە کوردی لە دوای سییەکانی سەدەی رابــردووەوە هەبووە. لە عێراقدا، ئەلف و بێی عەرەبی هەندێ پیتــی تری بۆ زیاد کراوە کە لەگەڵ زمانی کوردی بێتەوەو هیچ گوناهیش نەبووەو کەسیشــی پــێ نەدراوەتە دادگا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر شتی وا لە تورکیا بکرێ، هەنگاوێکە لە رێگەیەکی دووروردرێژدا، بەڵام گرنگ ئەوەیە، هەنگاوی یەکەم بهاوێشــترێ! بۆ ئەمەش دەبــێ DTP یارمەتی ئاق پارتی بدا.

• کەواتــە، ئاق پارتی و DTP ئیشــیان بەیەکە. DTP حزبێکی کوردیی تورکیایە کە بە سیاسەتی ریفۆرمیستانەی هەنــگاو بەهەنگاوی حکوومەت رازییە. حزبێکە لە رێگەی دەنگدانی دیموکراتییانەوە هاتۆتە ناو پەرلەمان و ئامادەیە لە بنمیچی پەرلەمان، دوور لە توندوتیژی و خوێنرشتن، وتووێژ لەسەر دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد بکا. راستە وەکو لە هەڵبژاردنی گشتیدا ساغ بووەوە، DTP نوێنەرایەتی هەمــوو گەلی کورد لە تورکیا ناکات، بــەڵام نوێنەرایەتی بەشێکی کورد دەکات و خۆی بە حزبێکی کوردی دەناسێنێ و رای گشــتیی تورکیاو دەرەوەش هەروای دەناســێنن. بۆیە دانوســتان و بەیەکەوە باسکردنی کێشــەی کورد هەنگاوی یەکەمینە لەو رێگایەدا. وەکو دەردەکەوێ، ئاق پارتی نایەوێ تاقیکردنەوەی ســاڵی ١٩٩٤ی پەرلەمەنتاران ( لەیلا زانا و هاورێکانی..) دوبارە ببێتــەوەو رێگەی قانوونیی کارکردن، لە حزبێکی پەرلەمانیی کوردی بگیرێ. ئەم کراوەییەی ئاق پارتیش بە قســەی مســتەفا ئاکیوڵ-ی ستوونووس لەوەوە هاتووە کە حزبی ناوبراو وەکو حزبەکانی ئۆپۆزیســیۆن، دیلی "ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت"ی کەمالیــی تورکیا نییە، بۆیە وا لەراست کوردو ئەوانی تردا بێنفرەترە (زەمان، ٢٠٠٧/١١/٢٢). هەنگاونان لەم رێیەدا، هەم باری کۆمەڵایەتی و سیاســیی تورکیا جێگیر دەکا و پرۆســەی نەشــونمای تــا رادەیەك سەرکەوتووی تورکیا بەگورتر دەخاو بەگشتی رەوتی ریفۆرم لــە تورکیا دەخاتــەوە جوڵەو دەرگا واڵا دەکاتــەوە لەبەردەم دەسپێکردنەوەی وتووێژ بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپی.

• بەپێچەوانەوە، گریمان دادگای دەســتووری، DTPی داخست، ئەوی ئەندامەکانی DTP ئەوانەی لە پەرلەماندان، رێگەی سیاســەتکردنیان لێ دەگیــرێ؟ ئەو هەزاران هەزار ئەندامەی DTP چیان لێ دێ. تا ئێســتا ٢٠٠ کەسێکیان لێ گیــراوە، ئەی ئــەو ئەنــدام پەرلەمانانــەی دەعوای قانوونیان لەســەر قەید کراوە؟ بەگوێرەی دەستوورو قانوونی ئــارای حزبەکان ئەو ئەندام پەرلەمانانەی بوون بەمایەی ئەو قەپاتکردنە بۆ ماوەی ٥ ســاڵ نابێ کاری سیاســی بکەن، نابێ لە هەڵبژاردنی گشــتی و خۆجێی بەشــداری بکەن و خۆیان بپاڵێــون، ئەو دەمە بەبڕوای مــن، ئەو خاڵانەی لە برگەی ســەرەوە ئاماژەم پێکــردن، تەناش دەکەن و لەکۆتادا نفــووزو هەیبەتی ئاق پارتــی لەناو کــوردی تورکیا کەم دەبێتەوەو رەنگە ئەوەش ئەو داوو تەپکەیە بێ کە ئۆپۆزیسۆنی تورکــی بۆ ئاق پارتی ناویەتیەوە! بۆیە سیاســەتی راســت ئەوەیە، ئاق پارتی رەنج بدا لەگەڵ پارتەکانی ئۆپۆزیســیۆن کە مانــەوەی DTP لە پەرلەماندا قەپــات نەکردنی، بەر لەهەموو شتێك، لە بەرژەوەندیی تورکیاو دیموکراتیزەکردنی دایە. هەقە پەکەکەیش، ئەگەر بەراســتی لەگەڵ پرۆسەی بەسیاسیکردنی کێشــەی کورد دایە، دەرفەت بە DTP بداو لێــی نەکەوێتە تەقــە و هەر زوو خیانەتــی نەداتە پاڵ، با وتووێژو "فیداکاری"ی DTP تاقی بکرێتەوە و سیاســەتی سەردەم بەرێوەببردرێ. چەندە گرنگە کاتێ وەفدێکی DTP دەچێتە بولگارستان و دەیەوێ شارەزایی لە رەوش و ستاتۆی تورکەکانی بولگارســتان پەیدا بکاو وەکو مۆدیلێك بیخاتە بەردەم پەرلەمانی تورکی.


• بەهەرحاڵ، تا ئێســتا چەند جــارەکا دن، دەرفەت بۆ حکوومەتــی تورکیا هەڵکەوتووە، کە لە پرســی کورد نزیك بکەوێتەوەو کۆتایی بە کوشت وبڕو ماڵوێرانی دوو دەیە زێتر بهێنێ بائەم دەرفەتەش لەدەســت خۆی نەدا. هەنووکە هەم لەناوەوە کەشــوهەواو دەرفەتێکی باش هەیە بۆ فراوانکردنی ئاقــاری مافە کولتووری و سیاســییەکانی کــورد و هەم لە دەرەوەی تورکیا، مەبەســتم لەگەڵ کــوردی عێراقە کە پێوەندیی دۆســتانە لەســەر بنەمای رێزگرتن لەیەکدی و بەرژەوەندیــی هاوبەش، دابمەزرێ لەکاتێکدا هیچ لەمپەرێك بــۆ دامەزراندنی ئەو پێوەندییە لە کوردســتانی عێراقدا لە گۆرێ دا نییە.

**سیاسەتی راست ئەوەیە، ئاق پارتی رەنج بدا لەگەڵ پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە مانەوەی DTP لە پەرلەمانداو قەپات نەکردنی، بەر لەهەموو شتێك، لە بەرژەوەندیی تورکیاو دیموکراتیزەکردنی دایە**

# هەڵویستەکانی بەغدا سەردەمی رژێمی پێشوومان بیر دێنێتەوە

کۆبین

فەرهاد محەمەد



لێدوانەکانی حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق سەبارەت بەو کۆنتراکتانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی نەوت گرێداوە، بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ناوخۆی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا، لێدوانی بەرپرسەکانی سەردەمی رژێمی پێشومان بیر دێتەوە کە لە پێگەی باڵادەستییەوە هەرەشەیان لەم و لەو دەکرد و ماسولکەی هێزیان نمایش دەکرد. ئەو کات بەرپرسانی سەردەمی رژێم مافی خۆیان بوو بەو جۆرە رەفتار بکەن، لەبەر ئەوەی رژێمی عێراق ناسنامەی لەبەردەمی هەموو جیهان ئاشکرا بوو، هەموو لایەك دەیزانی چاوەڕێی زیاتر لە رژێمێکی دیکتاتۆری ناکرێت.

بەڵام ئێستا کە عێراق لەسەر بنەمای فرەیی و فیدراڵی و پەرلەمانی بونیاد نراوەتەوەو خاوەنی دەستورێکە کە لە ٨٥٪ی گەلەکەی دەنگی بۆ داوە، هەڵوێست و رەفتاری دیکتاتۆرییانە جێگەی هەڵوەستەیەو وەلانانی بایەخ و گرنگی ئەو دەستورەیە کە تێکڕای گەلانی عێراق خوێنێکی زۆریان لەپێناویدا رشتووە. شەهرستانی کاتێك پەنا بۆ زمانی هەرەشە دەبات و هەرەشە لەو کۆمپانیا پەترۆلییانە دەکات کە کۆنتراکتیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان گرێ داوە و دواکەوتنی یاسای نەوتی فیدراڵی دەخاتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش هەر کەسێك خۆی باش دەزانێت کە ئەو شێوازەی پێی دەدوێ وهەڵوێستی حکومەتی بەغدای پێی دیاری دەکات دژی دەستووری عێراقە، دەستووری عێراق ئەو مافەی بە هەموو هەرێمە فیدراڵییەکانی عێراق داوە کە پەرە بەسەرچاوە سروشتییەکانی خۆیان بدەن وبۆ پێداویستییە ناوخۆییەکانیان بەکاری بهێنن و کەگەیشتە ئەوەی بەرهەمەکەی رەوانەی دەرەوەی وڵاتیش بکرێت، بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی رێوشوێنی گونجاوی بۆ دابین بکرێت، لەم چوار چێوەیەدا هەوڵەکانی بەغدا بۆ رێگرتن لە پەرەپێدان و دەرهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان بە رێگرتن لە ئاوەدان کردنەوەو خۆش گوزەرانی خەڵکی کوردستان و عێراق دادەنرێت،ئەمەش لەبەر ئەوەیە داهاتی کێڵگە نەوتیەکانی کوردستان بۆ هەموو گەلانی عێراقە نەك تەنیا گەلی کوردستان،هەروەها چاو تێبڕینی تەماحکارانەیە بۆ ئەوەی داهاتی سەرچاوەکانی نەوت بەتەواوی لەژێر دەستی حکومەتی ناوەندی کۆنترۆڵ بکرێت،و جارێکی دیکە ئەم سامانە بۆ پتەو کردنی سیستەمی تۆتالیتاری و دیکتاتۆریەتێکی دیکە تەرخان بکرێتەوە،کە ئەم ئامانجە لە هەندێك هەڵوێستی دیکەشدا رەنگدانەوەی هەیە، بەتایبەتیش لە تەنگژەی ئەم دواییەی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان کە هەڵوێستەکان وەك پێویست نەبوون و ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتی بەخۆی و ئیرادەی گەڵی کوردستان نەبەستبایە ئەوا دەستکەوتەکانمان دەکەوتنە مەترسییەوە.

# ئایا حکومەت پێویستی بە راگەیاندن هەیە؟



سالار عوسمان

ئەم پرسیارە دەورووژێنم و لەگەڵیدا قسە لە چەند مەسەلەیەکی گرنگ دەکەم کە پەیوەستە بەراگەیاندنی حکومەتی هەرێم و رایڵەکانی نێوانیان.. لەمبارەیەوە هەمووماندان یەکرانین و وەك یەك بیرناکەینەوە، هەندێکمان وای بۆدەچین کە دەبێ حکومەت راگەیاندنی هەبێ و هەندێکیشمان بەپێچەوانەوە، لەو نێوەندەشدا رای تریش هەس کە نەشیش بسووتێ و نە کەباب قسەی خۆی هەیە و بە بڕوای من سەرجەم ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانەش کۆمەڵێك راستیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە و بەردەوامیش بەرگریی لە خۆیان دەکەن!. بەر لەوەی رای خۆم بڵێم و بەرسڤی ئەو پرسیارە بدەمەوە (ئایا حکومەت پێویستی بە راگەیاندن هەیە؟) دەمەوێ پرسیارێکی دیکە بکەم ئەویش ئەوەیە چی وای لێکردم ئەم بابەتە بنووسم و ئەم مەسەلەیە بورووژێنم؟ بەڵێ سەرەتا دەمەوێ وەڵامی ئەمە بدەمەوە.. ئێمە لەدەنگی کوردستان بەرنامەیەکمان هەیە بەنێوی (جیاواز) کە بایەخ بە بیروڕای جیاواز دەدات و هاوکارم (نەرمین سندی) ئامادە و پێشکەشی دەکات، بۆ ئەڵقەی ئەمجارە (سێ شەممە ١١/٢٠) ئەم پرسیارەی (ئایا حکومەت پێویستی بە راگەیاندن هەیە؟) کردە تەوەری گفتوگۆی بەرنامەکە و هەوڵیدا بە هەردوو ئاراستەی دژەیەك سەبارەت بە هەبوون و نەبوونی راگەیاندنی حکومەت میوان بۆ بەرنامەکەی دەستنیشان و داوەت بکات، ئەوە بوو پەیوەندیی بە هەندێ لە بەرپرس و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی راگەیاندنی حکومەتی هەرێم کرد کە بێن و لە بەرنامەکە پشتیوانیی ئەوڕاوبۆچوونە بکەن کە حکومەت پێویستە راگەیاندنی هەبێ و بەکورتی بەرگریی لەو راگەیاندنە بکەن کە کاری تێدا دەکەن، کەچی نەك هەر نەهاتن و ئامادەنەبوون پشکداریی لەبەرنامەکە بکەن بەڵکو دەشیانگوت ئێمە باوەڕمان بەو راگەیاندنە نییە و لەگەڵ ئەوە داین کە حکومەت راگەیاندنی نەبێ!!... سەیرە بەرپرس و بەڕێوەبەرانی راگەیاندنی حکومەتی هەرێم، ئەوانەی دەزگاکانی راگەیاندنی حکومەتی هەرێم بەڕێوە دەبەن باوەڕیان بە راگەیاندنی حکومەت نییە و ئامادە نین بێن و لەبەرنامەیەکی رووبەڕووی گفتوگۆیی راستەوخۆدا بەرگریی لەو راگەیاندنە بکەن کە کاری تێدا دەکەن!..

سەیرە سەرکار باوەڕی بە کارەکەی خۆی نەبێ!!... دواتر (نەرمین خان) پەیوەندیی بە بەڕێز وەزیری رۆشنبیری (مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی) کرد و ئەو مەسەلەیەی بۆ باسکرد کە بەڕێوەبەرانی راگەیاندن نەك هەر ئامادە نین لەبەرنامەیەکی کراوە رادیۆییدا بەرگری لە خۆیان و راگەیاندنی حکومەت بکەن بەڵکو دەڵێن باوەڕمان بەو راگەیاندنە نییە!!، دواتر لەبەرنامەکەش (لە رێگەی تەلەفۆنەوە) هەمان ئەو مەسەلەیەی جارێکی تر بەمشێوەی پرسیار ئاراستەکرایەوە بەڵام بەڕێزیان بەرگریی لە راگەیاندنی حکومەتی هەرێم کرد و نموونەشی بە هەندێ لە وڵاتانی دونیا هێنایەوە و لە ماوەیەکی کورتدا بیروڕاو بۆچوونەکانی خۆی بە جوانی شیکردەوە، لەبیرم نەچێ میوانی بەرنامەکە هاوکارم (عەبدولوهاب عەلی) بوو کە ئەو لەگەڵ ئەوەدایە حکومەت پێویستی بەراگەیاندن نییە و نابێ راگەیاندنی هەبێ و دژی هەموو بەناوەندکردنێکی راگەیاندنە و پێی وایە کە ئەمە جۆرێکە لە هەڵگەڕانەوە لە دیموکراسیی!.. بە کورتی دەمەوێ ئەوە بڵێم کە لە نێوان ئەو دوو بۆچوونە جیاوازە قسەی زۆر هەیە و لێرە دەمەوێ منیش رای خۆمتان لە رێگەی وەڵامی ئەم پرسیارەوە (ئایا حکومەت پێویستی بە راگەیاندن هەیە؟) پێ بڵێم، بەڵێ منیش لەم قۆناغەدا، (چونکە ئەم قۆناغە جودایە لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوو) لەگەڵ ئەوەم حکومەت راگەیاندنی نەبێ و لەبری ئەوە بایەخ بە بواری رۆشنبیریی بدات کە کەلێنێکی گەورەی تێکەوتووە، چونکە حزبەکانی کوردستان پشتیان لە بواری رۆشنبیریی کردووە و دەکرێ بڵێین کاری ئەوانیش نییە و لە بەرامبەر ئەوەدا دەزگای راگەیاندنی زل و زەبەلاح بەڕێوەدەبەن، لەو حاڵەتەدا راگەیاندنی حکومەت نەك ناتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ حزبەکان بکات بگرە لەم کێبڕکێیەدا هەمیشە لە پەراوێزدا دەمێنێتەوە و ئاکام راگەیاندنێکی لەڕولاواز بێکاریگەر پێشکەش دەکات وەك ئەوەی ئێستا هەیە و دەیبینین و دیارە راپرسییەکانی ئەم دواییە و پێشتریش قسەکانی من دەسەلمێنێ!.

لێرەوە دەمەوێ هەرقسە نەکەم و هەندێ پێشنیازیش بخەمەڕوو..:

* پێشنیاز دەکەم وەزارەتی رۆشنبیری کە ناوی (رۆشنبیری) یە بایەخ بە بواری خۆی بدات کە بواری رۆشنبیرییە و ئەو کەلێنە گەورەیە پڕکاتەوە کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە و هەمووشمان دەزانین کەلێنی رۆشنبیریی بۆ وڵات و میللەتێکی وەکو ئێمە چەند زیانبەخشە!!.

* حکومەت لەبری ئەوەی دەزگای راگەیاندنی هەبێ و ئەو هەموو پارە زۆرە لە راگەیاندن خەرج بکات واباشە بە پارەیەکی زۆر کەمتر لەوە گرێبەند لەگەڵ هەندێ لە رۆژنامە و گۆڤار و tv و رادیۆ باشەکانی وڵات و دونیا مۆر بکات و لە رێگەی ئەوانەوە هەرچی دەیەوێ لە هەواڵ و پەیام و لێدوان وگوتار بڵاوی بکاتەوە کە ئەمە لە هەندێ لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیا پەیڕەو دەکرێ و زۆر سەرکەوتووش بووە!!

* حکومەت پێویستی بە راگەیاندن نییە جا راگەیاندنێکی لاواز و لە پەراوێز!... حکومەت لەمە زەرەر دەکات نەك قازانج!... لە جیاتی ئەوە پێویستە حکومەت هانی راگەیاندنی ئازاد و ئەهلی بدات، هەروەها بایەخ بەبوارەکانی یاسای رۆژنامەنووسی و ئازادی بیروڕا و رێکخستني سیستەمی پەخش و یاسای مۆڵەتدان و رێکخستنی شەپۆلە رادیۆییەکان و مەسەلەی سانسۆر و... تاد بدات، هەمدیس پێویستە لەتەك ئەمانەدا رایەڵێکیش لە رووی یاساییەوە لەگەڵ راگەیاندنی حزبی دروست بکات و سەرجەم ئەو پەیوەندییانە لە چەقێکی کوردستانی و نەتەوەییدا کۆکاتەوە کە دواجار بە قازانجی کوردستان و دەسکەوتەکانی کۆتایی پێ بێت.

* پێشنیاز دەکەم حکومەتی هەرێم (دەستەی راگەیاندنی کوردستان) دابمەزرێنێ و ئەم دەستەیە ژیانی راگەیاندن لە کوردستان و سەرجەم پەیوەندییەکانی راگەیاندن لەگەڵ حکومەت و کۆمەڵگا رێك بخات کە بگونجێ لەگەڵ ئەمڕۆي دونیا و بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان ئامانج بێت.

# کۆبونەوەی ئاناپۆلس.. قازانجێکی هەمەلایەنە



سامی شۆرش

بڕیارە لە ٢٧ی ئەم مانگە، ئەگەر هیچ تەگەرەیەکی لە ناکاو نەیەتە پێش، گەورە بەرپرسانی ٤٩ دەوڵەتی دنیا، سەرباری سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل و سەرۆکی سوڵتەی فەلەستینی و ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەککگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپی، کۆبونەوەیەکی گرنگ لە هۆڵەکانی ئەکادیمیەی دەریاوانیی ئەمریکا لە ئەناپۆلس ببەستن. ئامانجە سەرەکییەکەی ئەو کۆبونەوەیە، چارەسەر کردنی کێشەی فەستینیەکان و ئیسرائیل نابێت، بەڵکو خۆشکردنی ڕێگاو قوول کردنەوەی متمانە دەبێت لە بەردەم دەست پێ کردنەوەی پرۆسەی گفتوگۆکانی ئاشتی لە نێوان فەلەستینیەکانوئیسرائیل.

بێگومان، تا ئێستا، کەم تا زۆر، گفتوگۆو مشت و مڕو دایەلۆگ لەو نێوانەدا هەبووە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا پرۆسەی ئاشتی چ لە نێوان فەلەستینیەکان و ئیسرائیل و چ لە نێوان دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسرائیل، تووشی بەستەڵەکێکی ناجۆرو ئەستوور هاتبوو. زۆربەی ئەو گفتوگۆیانەی ناوە ناوە دەکران، چ لە سەردەمی یاسر عەرەفات و چ لە سەردەمی مەحموود عەباس، پەیوەندیی راستەوخۆیان بە کرۆکی پرۆسە سیاسییەکەی ئاشتیەوە نەبووە، بەڵکو زۆرتر تایبەت بوون بە بارودۆخی ئەمنیی لە نێوان ئیسرائیلیەکان و فەلەستینیەکاندا. واتە پەیوەندیان بە قۆناغی یەکەمی پرۆسەی ئاشتیەوە هەبوو کە پێشتر لە نەخشەی ڕێگادا ئاماژەی پێ کرابوو.

لەو ماوانەدا، زۆر هەوڵ درا پرۆسەکە زیندوو بکرێتەوە. بەڵام بە هۆی باری نالەباری ناوەخۆی فەلەستینیەکان لە لایەك و کەشوهەوای بێ متمانەیی لە نێوان هەر دوو لادا لە لایەکی دیکە، هەروەها بە هۆی سەرقاڵی ئەمەریکیەکان بە کێشەی عیراق و ئەفغانستان و کۆریای باکوور، هیچ دەرفەتێکی ئەوتۆ نەمابۆوە بۆ بەکۆتا هێنانی ئەم قۆناغەو دەست کردن بە زیندوو کردنەوەی پرۆسەی گفتوگۆی سیاسی کە بڕیارە دوا قۆناغەکەی هێنانە کایەی دوو دەوڵەتی ئیسرائیلی و فەلەستینی بێت.

لە کۆبونەوەی ئەناپۆلس، بڕیار وایە، هەموو جومگە گرنگەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش و دەوڵەتە عەرەبییەکان و چەندین دەوڵەتی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یابان و دەوڵەتە گرنگەکانی ئەوروپا، بەشدار بن و بە تەنگ پرۆسەکەوە بێن و دەوری ناوبژیوان بگێڕن تا بارودۆخێکی گونجاو بێتە کایەوە کە تیایدا هەر دوو لا راستەوخۆ بتوانن نەك دەست بە گفتوگۆی پرۆسەی ئاشتی بکەن. دەست ساردترین دەوڵەتی عەرەبی لە بواری پشتگیری ئەو کۆبونەوەیەدا سورىایە. سوریا دەیەوێت لە ئاناپۆلس باسی گردی جۆلانیش بکرێت. بەڵام کۆمەڵگای نێودەولەتی بە ئیسرائیل و فەلەستینیەکانیشەوە پێیان باشە تەرکیزی گەورە لە سەر مەسەلەی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان تەل ئەبیبورامەڵلابکرێت.

بێگومان، کۆبونەوەکە هەر وا بێ ئەجێندا نیە. بگرە لە دوو مانگی رابردوو وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆندالیزا رایس چەندین جار هاتۆتە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مەبەستی خۆش کردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرخستنی کۆبونەوەکە. لەوەش بەولاتر، کۆبونەوەکە لەبەر رۆشنایی ئەو نەخشەی ڕێگایە بەڕێوە دەچێت کە بەر لە سێ ساڵ لە لایەن ئەمریکا و روسیاو یەکێتی ئەورووپی و نەتەوە یەککگرتووەکانەوە کێشرا بوو بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نێوان فەلەستینیەکان و ئیسرائیل. تەگەرە لەو نێوانەدا زۆرە. تا ئێستا فەلەستینیەکان و ئیسرائیل دیدێکی هاوبەشیان نیە لە بارەی بەلاغی کۆتایی کۆبونەوەکە. تا ئێستا پێناسەی دەوڵەتی ئیسرائیل و گەڕانەوەی دەربەدەرە فەلەستینیەکان و مەسەلەی قودس کێشەی گەورەن لەو نێوانە. بەڵام رای رەسمی لە جیهاندا گەشبینە بەوەی کۆبونەوەکە بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بچێت و کارێکی ئەوتۆ بکرێت کە ئیتر لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵی داهاتوو، کێشەی فەلەستینیەکان و ئیسرائیل بە یەکجارەکی چارەسەر بکرێت لەسەر بنەمای دوو دەوڵەت، فەلەستینی و ئیسرائیلی کە بە ئاشتەوایی لە تەنیشت یەك بژین.

هۆی سەرەکی ئەو گەشبینیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەموو لایەنەکان، لە غەیری چەند دەوڵەت و هێزێکی سیاسی نەبێت وەك ئێران و ڕێکخراوی ئەلقاعیدەو حزبوللای لوبنانی و بزووتنەوەی حەماس و جیهادی فەلەستینی، پێیان وایە ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خزمەتی هەم فەلەستینیەکان و هەم ئیسرائیل دەکات. هەروەها خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەوانیش دەکات. ئەمریکا پتر لە سێ مانگە ئامادەسازی بۆ ئاناپۆلس دەکات. جۆرج دەبلیو بوش دەیەوێت بەر لە کۆتا هاتنی ویلایەتی دووەمی، ئەو کێشە گەورەیە لە کۆڵ وڵاتەکەی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکاتەوەو بیسەلمێنێت کە مەبەست لە سیاسەتە توندوتیژەکانی تەنیا شەڕو شۆڕو ئاشووب نانەوە نەبووە، بەڵکو مەبەستە سەرەکیەکە داهێنانی کەشوهەوایەکی تازەی جیهانی بووە لە پێناو دامەزراندنی ئاشتی و بەهێز

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

کردنی گیانی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی و دیموکراسی لە جیهاندا. ئەمەش، لە کاتی جێ بە جێ بوونی دا، لە پاڵ سەرکەوتنی ئەمەریکا لە داماڵینی چەکی ئەتۆمی لە کۆریای باکوور بە بێ شەڕو شۆڕ، کارێك دەکات کۆمارییەکانی ئەمریکا سەر لە نوێ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەرفەتێکی گەورەتریان بۆ بڕەخسێت لە بواری مانەوە لە کۆشکی سپی. هەروەها لە بواری درێژە دان بە سیاسەتی شەڕ کردنی تیرۆر لە عیراق و ئەفغانستان و لوبنان و بگرە ئێرانیش.

لەو بەرامبەرەدا، پێ دەچێت، ئیسرائیلیش گەیشتبێتە قەناعەتی ئەوەی کە ئیتر سەردەمی ئاشتیی یەکجارەکی لەگەڵ فەلەستینیەکان و عەرەب هاتووە. هۆ زۆرە بۆ ئەو قەناعەتەی تەل ئەبیب. گەورەترین و بەرچاوترینیان ئەوەیە کە مەترسی زۆر گەورەتر لەوەی فەلەستینیەکان چاوەڕێی ئیسرائیل دەکات: سوریا و هەوڵ و تەقەللاکانی بۆ نانەوەی کێشەو سەرئێشەی تازە بۆ ئیسرائیل چ لە لوبنان و چ ناو فەلەستینیەکان و بگرە چ لە عیراقیشدا. هەروەها ئێران کە خەریکە لە قۆناغی دەستخستنی بۆمبای ئەتۆمی نزیك دەکەوێتەوە. لەوانەش بەولاتر، ئیسرائیل خەریکە هەست بە قورسایی بودجەی شەڕو بەرگری دەکات و پێی وایە ئیترکاتی ئەوە هاتووە لە ناوچەکەدا، لە ڕێگەی ئابووری و بازرگانییەوە دەسەلاتی خۆی بڵاو بکاتەوە نەك لە ڕێگەی شەڕوشۆڕ.

بێجگە لە ئەمریکا و ئیسرائیل، فەرەنسیەکان و بەریتانیەکان و بگرە رووسەکانیش تا دێن باشتر راستیی ئەوە قبوڵ دەکەن کە چارەسەر کردنی ئاشتیانەی کێشەی ئیسرائیل و فەلەستینیەکان دەرگایەکی گەورەی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەپارێزێت و تا رادەیەکی زۆر دەرگاش بەسەر تاوسەندنی دیاردەی ترسناکی تیرۆری جیهانی دەگرێت. بۆیە ئەوانیش، بە تایبەتی فەرەنسا، بە گەرمی کەوتونەتە پشتگرتنی سیاسەتی ئەمریکا لە بواری چارەسەر کردنی ئاشتیانەی کێشەی فەلەستینیەکان‌وئیسرائیلیەکان.

لەوانە بترازێت فەلەستینیەکان خۆیشیان گەیشتونەتە قەناعەتی ئاشتی، بە تایبەتی دوای لە یەك ترازانی حکومەتەکەیان و دابەش بوونی دەسەلاتیان لە نێوان فەتح و حەماس. ئەمڕۆ فەلەستینیەکان وای لێك دەدەنەوە کە ئەگەر ئەم دەرفەتەی ئاشتییەیان لە دەست بچێت رەنگە بە یەکجارەکی وردو خاش بن و هەتا سەد ساڵی دیکەش خۆنەگرنەوە.

ئینجا دەوڵەتانی عەرەبیش، لە قۆناغی ئەمڕۆدا باوەڕێکی تەواویان بە ئاشتی هێناوە. ئەم دەوڵەتانە کە لە بنەڕەتدا دەوڵەتی لاوازو نا دیموکراسین، ترسی ئەوەیان گەیشتوتێ تیرۆر دەسەڵاتەکانیان بهێنێتە هەژان و چارەنووسی رژێمەکانیان بخاتە مەترسیەوە. بۆیە، بە لایانەوە گرنگە جیهان یەك دەنگ و یەك خواست بێت لە دامەزراندنی ئاشتی و بنەبڕ کردنی مەترسیەکانی تیرۆر لە ناوچەکەدا. راستە، لە دڵ و دەروونداە ترسیان لە ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکانەو پێیان وایە ئەم ئاشتیە رەنگە گەورەترین مەترسی بۆ سەر چارەنووسی رژێمەکانیان دروست بکات. بەڵام، دیارە، فشارەکانی واشنتۆن لە ترسەکانی ئەوان گەورەترو کاریگەرترە. بۆیە، ئەوانیش کەوتونەتە قەناعەت پێ کردنی فەلەستینییەکان بەوەی بە چاوی هیواوە سەیری ئاناپۆلس بکەن.



بێگومان، ئەمەریکا و دەوڵەتانی رۆژئاوا، بگرە هەموو جیهانی دیموکراسیخواز، قازانجی گەورە لە سەرکەوتنی کۆبونەوەی ئاناپۆلس و دەست پێ کردنەوەی گفتوگۆی نێوان فەلەستینیەکان و ئیسرائیل دەکەن: گەورەترین و خەتەرناکترین گرێ کوێرەی سیاسی ناوچەکە دەکرێتەوە. ئەمەریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەست والاتر دەبن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی دیکەی ناوچەکە وەك ئێران و ئەفغانستان و عیراق. سەرچاوەیەکی گەورەی پشێوی و نائارامی لە ناوچەکەدا وشك دەکرێتەوە. دەوڵەتانی دیکەی عەرەب وەك سوریا و سەعودی و لیبیاو سودان زۆرتر بەرەو ئاشتەوایی دەڕۆن لەگەڵ ئیسرائیل. دەسەڵاتی تاکڕەوایەتی و عەسکەرتاریاو گۆشەگیری بێ بنەماترو بێ هێزتر دەبێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها دەرگایەکی گەورەتری دیکە بەسەر دیموکراسی و فرەخوازی و ئاشتەوایی لە ناوچەکەدا دەکرێتەوە.

ئەمانە هەر هەمووی قازانجی گەورەن لە ئەنجامی سەرکەوتنی کۆبونەوەی ئاناپۆلس دێنە بەرهەم. بەڵام ئەگەر کۆبونەوەکە سەرنەگرێت، ئەوا گومان لەوەدا نیە کە داهاتوویەکی رەش و پڕ کێشەو ئاڵۆزی چاوەڕێی ناوچەکەمان دەکات. بۆیە هەرچی هێزێکی دیموکراسیە لە جیهان بەوپەڕی دڵگەرمیەوە کار بۆ سەرکەوتنی ئاناپۆلس دەکات. لەو بەرامبەرەشدا هەرچی هێزێکی تاریکیخوازە هەوڵ دەدات تەگەرە لەبەردەم کۆبونەوەکە دروست بکات. شایەنی گوتنە، دیمەشق لە سەرەتاوە خەریك بوو تەگەرەی گردی جۆلان بێنێتە پێ. بەڵام دواتر قەناعەتی پێ کرا ئەم مەسەلەیە لە ناو کۆبونەوەکە نا، بەڵکو لە پەراوێزەکانیدا بە شێوەیەکی کورت باسی لێوەکرێت.



گومان لەوەدا نیە، عیراقی تازەو دیموکراسی، رەنگە قازانجی زۆر گەورە لەو کۆبونەوەیە بکات. بەڵام لە تەنیشت عیراق و لەویش زۆرتر، رەنگە میللەتی کورد، لە کوردستانی عیراق و لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەو قازانجە بکات ئەگەرچی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.



ئازاد حەمەدەمین

# فاکتەری دیالۆگ... لەیەک گوتاردا

بۆ یەکەمین جارە لە کوردستانی عێراقدا لە ئیدارە کردنی پرس، یان تەنگژەدا، نەك تەنیا بە گوتاری سیاسی بەڵکو بە کۆمەڵێك ناوەند یان بەکۆمەڵێك ئەداتی دەستووری و شەرعی لە وەڵامدانەوەی ئەرك و پێداویستیەکانی دۆخەکەدا، سیاسەتی گشتی لە لایەن بەرزترین دەستەڵاتی دەستووری واتا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دادەڕێژرێت و بەرژەوەندی نیشتمانی، ئەرکە دەستەو یەخەکان لە سۆنگەی ئەم ستراتیژییەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دیاری دەکرێن، واتا لەکوردستاندا یەك گوتار هەیە، بەڵام لە هەڵاوێرد کردن و گوزارشت کردنی ئەم یەك گوتارەیە بێگومان ئەمڕۆ کوردستانی عێراق جیا لە رابردوو لە رەوشێکی تازە کە بەڵگەی باڵابوونی کێشەی نیشتمانی کوردستانی عێراق و باڵابوونی ئەدات و ئامرازەکانییەتی ئاساییە هەموو سەنتراڵ و سەکۆکان لەسەر یەك خەت بن کە ئەم راستییە هەر وەکو لە میدیاکان بەتایبەت میدیاکانی ئیقلیمی و عەرەبی هەوڵ دەدرێت بەجۆرێکی دیکە لێك بدرێتەوە، لە ماوەی ئەم چەند مانگەی تەنگژەی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان لە ناواخنی زۆر لەو موعالەجە رۆژنامەگەریانەی لە میدیاکانی دەورووبەر درووژێنراوە چ نووسراو چ گوتراو بن، دەرك نەك بە ناحاڵی بوون بەڵکو هەست بە داخ لەدڵ یەك دەکرێت بەرامبەر کوردستانی عێراق زۆر لە شۆڤینیستە بە تایبەت عەرەب و تورکەکان نەك هەر ناحاڵین لە بوونی هەیکەلی دەستووری و قانوونی هەرێمی کوردستان بەڵکو تابینە قاقا بۆیان هەزم ناکرێ زۆرن ئەوانەی هەمیشە عەوداڵی ئەوەن بڵێن (کوردستانی عێراق، شوێنی دوو میلیشیای سەرەکیەو رەوشی ئێستایان بەدەرفەت قۆزتۆتەوە و لەو پەڵەو پروزێکردنە دوایی زیان دەکەن) ئەوە دەکرێ بڵێم پوختەو نوێشکی ئەو گوتارو بۆچوونانەیە کە لەلایەن زۆر لەو بەدبەختانەی بە ناوی (مراقب و محلل)ەوە دەوروژێنرێت بۆ نموونە دوێنێ لە تەلەفزیۆنێکی عەرەبی، عێراقیەکی بەناو دۆستی کورد گوایە قسە لەسەر نێوان ئێران و ئەمەریکا دەکات، بێ هیچ موناسەبەیەك ناوە ناوە کوردستانی عێراقی لە دۆخی ئێستادا بە نموونە دەهێنایەوە کە گوایە زیاد لە بارستی خۆیان پێیان لە بەڕێ راکێشاوە لە بیریشمان نەچێتەوە عەرەبە شۆڤینیستەکانی عێراقیش کە بێگومان جەبهەی بەناو تورکمانی بێ پەڕو باڵ وەکو لایەنێکی پەڕیوت لەسەر خەتە بە گفتارو بە کردار لە وروژاندن و شەن و کەوکردنی بابەتەکانی وەکو ماددەی١٤٠، نەوت، فیدرالیزم، دەسەڵاتەکانی هەرێم، دارایی و بودجەی هەرێم، راشکاوتر زاخاوی ناخی خۆیان دەرشێننەوە. ئەو راستییەی کە زۆر ناوەند یان ناحەز تا ئێستا نایانەوێ لێی حاڵی ببن یان لێی حاڵین بەڵام نایانەوێ هەزمی بکەن یان بۆیان قوت نادرێ ئەو راستییەیە کە رەوشی کوردستانی عێراق، رەوشی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی و بەرەی کوردستانی نییە، بەڵکو رەوشێکی تازە بابەتە لە هەلومەرجێکی تازەدا دەکرێ بڵێین هەموو جەمسەرەکان لە بەشدار بوون لە راپەراندنی ئەرکەکانی وەڵامدانەوەی پرس و تەنگژەی ئێستادا هاوبەشن سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم، سەرۆکایەتی کۆمار، فراکسیۆنی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، سەرکردایەتی هاوبەشی حزبەکانی کوردستان کە ئەمەش کارێکی سروشتی و ئاساییە لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی وڵاتە پەرلەمانی و دیموکراتییەکان، بەداخەوە ئەوەی مایەی سەرسوڕمان و هەڵوەستە بۆ کردنە خراپ حاڵیبوون و خراپ لێکدانەوەی میدیاکانی کوردستانە، کە زۆر جار وا دەخرێتەڕوو وەکو بڵێی لە کوردستاندا زیاد لە گوتارێك هەبێت، بە مەزەندەی من دەکرێ راوبۆچوونی جیاواز هەبێت، دەکرێت هەر ناوەند یان سەکۆیەك بە گوێرەی پێگەکەی گوزارشت لە کارە دەستە و یەخەکان بکات، بەڵام هەرگیز ئەوە ناکۆك نییە لەگەڵ ئەوەی هەموویان دەڕژێنە خانەی یەك بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی و یەك گوتاری سیاسی، خۆم وەکو رۆژنامەنووسێکی چاودێر دەرك بە بوونی یەك گوتاری سیاسی لەهەمبەر تەنگژەی ئێستای هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکەم، بە بۆچوونی خۆم ئەم یەك گوتارییەیە کە ناحەزانی هەرێمی کورستان قەڵس کردووە کە هیچ دەرزێك نییە تیایدا بێنە ژوورێ، ئەوەی من لێی تێگەیشتووم ئەم یەك گوتاریەی کوردستانی بریتییە لە ئیدارە پێکردنی دیالۆگ چ لە چارەسەری تەنگژەی هەرێمی کوردستان و تورکیا، یان دیالۆگ بۆ چارەسەری پرسی کەرکوك و ریفراندۆم لەسەر کەرکووك و ناوچە بەعەرەبکراوەکان، دیالۆگ لەسەر هەموو خاڵە جەوهەرییەکانی بەرژەوەندییە ئەمنی و ستراتیژییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان.


# بونیادنانەوەی عێراقێکی

## پێویستی بە ئەقڵییەتێکی سیاسی پێگەیشـ



# دیموکراسی و فیدرالی

## ستووە نەک قەومی و مەزهبگەرایی



له ساڵی ١٩٢٠ كه دەوڵەتی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە دروستكرا، حوكمڕانی ئەم دەوڵەتە تەســـلیم به كەمینیەكی عەرەبی سوننە كرا كە بە درێژایی زیاتر لە ٨٠ ســـاڵ هەوڵیاندا لە ژێر پەردەی دروشـــمی بریقەداری ئومەی عەرەبـــی و قەومیەی عەرەبی و بەزەبری ئاگر و ئاسن وڵات بەڕێوەبەرن.
ئەم مێژووە ســـەلماندی كە پێكهاتەی عێـــراق وەك دەوڵەت بە ئەقلیەتـــی قەومی عەرەبی و شـــۆڤینیزمی قەومـــی بەڕێوە ناچێت.
دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و لەبەریەكهەڵوەشانی ئەو ئایدۆلۆژیـــەی كە ماوەی زیاتر لە ٨٠ ســـاڵ ئەم وڵاتەی بە زەبری ئاگر و ئاســـن بەڕێوە دەبرد ئومێدی ئـــەوە پەیدابوو كە عێراق لەســـەر بنەمایەكی نوێ و هاوچەرخانە و بە هاریكاری و هاودەنگی هەموو پێكهاتە ســـەرەكییەكانی، لەســـەر بنەمای فیدرالیزم دابمەزرێتەوەو ئیتر بۆ هەتا هەتایە لاپەڕە ڕەشـــەكانی عێـــراق كۆتاییان پێ بێت و جارێكی دیكـــە لە عێراق زاراوەی نەتەوەی سەردەست و بندەست نەمێنێت و ئینتیمایەكی نیشتمانی ئەوتۆ لە ناو پێكهاتەكانی عێراقدا دروست بێت، كە ڕەنگدانەوەی سیاســـەتی حكومەتـــی فیدرالی عێراق بێ بۆ ســـەروەریی و بەكپارچەیـــی عێـــراق و بە تەنگەوە هاتنـــی و بەرگریكردن لە نیشتمان لە كاتی تەنگژە و ڕووداوە گەرمەكاندا، بەڵام بەداخەوە ئەم ڕیتمە تازەیەی حوكمڕانی تا ســـەر بەو ئاراستەیە نەڕۆیشت و نەتوانرا لە ناو سیاســـەتی حكومەتی فیدرالیدا وەك پێویست ڕەنگدانەوەی هەبێت.

### پێگەیشتوویی ئەقلیەتی سیاسی كورد و ڕەنگدانەوەی لە پۆستە سیادیەكانی عێراقدا

سەركردایەتی سیاســـی كوردستان لە ماوەی ٤ ساڵی ڕابردووی دوای ڕووخانی ڕژێمی ســـەدام حوسێن هەموو هەوڵ و توانای خۆی بـــە ئاراســـتەی بونیادنانەوەیەكی دروســـتی عێراقێكی فیدرالی و دیموكراتی تەرخانكردووە و ئەو پۆســـتە سیادیانەشی وەك سەرۆكایەتی كۆمار و ، وەزارەتی دەرەوە و جێگری سەرۆك وەزیران و ...هتد بەڕێوەیـــان دەبات، ڕەنگدانەوەی بیركردنەوە و، تێڕوانینی سەركردایەتی سیاسی كوردستانە بۆ ئایندەی عێراق و بە درێژایی ئەم چوار ساڵەی كە كورد ئەو پۆستە سیادییە گرنگانە بەڕێوەدەبات، بەتایبەتی لە بواری بەڕێوەبردنی دبلۆماســـیەتی عێراق لەسەر ئاســـتی دەرەوە، دەبینین گۆڕانكارییەكی بەرچاو لەســـەر ئاستی عەرەبی و ئیســـلامی و جیهانی بەسەر پێگە و شكۆی عێراقدا هاتووە و تا ئێستا لە هیچ میدیایەكی عەرەبی و ئیسلامی و جیهانیدا گوێبیستی ئەوە نەبووین كە دبلۆماسییەتی عێراق مۆركی ئەم نەتەوە یان ئەو مەزهەبی پێوە دیاربێت، بەڵكو نوێنەرایەتێكی نیشـــتمانی عێراق لەسەر ئاستی دبلۆماسییەتی جیهـــان بەڕێوەدەبات و توانیویەتی بەرێـــژەی ٨٠٪-٩٠٪ ی ئەو قەرزانەی كە ڕژێمی پێشـــوو لەســـەر حكومەت و گەلانی عێراق كەڵەكەی كردبوون، بیســـڕێتەوە و عێـــراق لە ژێر باری قەرزارداریەكی گەورەی جیهانی ڕزگار بكات.
لەسەر ئاستی سەردان و پەیوەندییەكانی سەرۆك كۆماریش تەنیا ئاماژەكردن بەو حاڵەتە بەســـە كە سەرانی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیســـلامی بەو پەڕی خۆشـــحاڵییەوە پێشوازی لەسەر كۆماری عێراق دەكەن و، لە هیچ میدیایەكدا گوێبیســـتی ئەوە نەبووین، كە ئەم پۆســـتە بۆ بەرژەوەنـــدی لایەك و لە دژی لایەكی دیكە بەكاربهێنرێت.
بەڵام لەبەرامبەردا و لە ماوەی ئەم چوار ســـاڵەی ڕابردوو چەند هەوڵێكی دیكەمان بینیووە، كە پۆستە سیادیەكانی ناو حكومەتی عێراق بۆ بەرژەوەندی لایەك دژی لایەكی دیكە بەكارهێنراون.

### مانۆڕی سیاسی بۆ پاوانكردنی دەسەڵات

یەكەم هەنگاو كە سەركردایەتی سیاسی كوردستان لێی بەدەنگ هات سەردانی د. ئیبراهیم جەعفەری بوو بۆ یەكێك لە دەوڵەتانی دراوسێی عێراق و پەلكێش كردنی دەستی دەرەكی بوو بۆ كاروباری ناوخۆی عێراق و ئاڵۆزكردنی ئەو كێشـــە و گیروگرفتانەی كە عێراقییەكان لە یاســـای كاتی ئیـــدارەی دەوڵەت و دواتریش لە دەستووری هەمیشەیی عێراق ڕێگە چارەیان بۆ دۆزراوەتەوە.
ئەم هەنگاوەی جەعفەری بە ئاسانی بۆی نەچووە سەر و لە ژێر گوشاری سەركردایەتی سیاسی كوردستان و لیستی هاوپەیمانی كوردســـتان ناچاركرا دەســـت لە كاربكێشێتەوە، كورد پێی وابوو ئـــەم هەنگاوە دەبێتە وانەیەك بـــۆ چۆنیەتی حوكمڕانی باش لە عێراقدا و جارێكی دیكە هەڵوێســـت و تاكتیكی لەو شـــێوەیە دووبارە نابێتەوە، بەڵام لە پرۆســـەی كاندیدكردنەوەی پۆســـتی سەرۆك وەزیران لە نێو ئیتلافی شیعەدا، دیسان مانۆڕێكی دیكە ئەنجامدرا لە نێوان دوو پارتی شـــیعەدا و مەســـەلەی عێراق و پێكهاتنەوەی نیشتمانی كرا بە قوربانی پاوانكردنەوەی دەسەڵات و وەرگرتنەوەی پۆســـتی سەرۆك وەزیران لەلایەن پارتی دەعوای ئیسلامیەوە.



ســەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەسەر ئەم مەسەلەیە بێدەنگ بوو، وەك کێشــەیەکی ناوخۆیی هاوبەندی شــیعە سەیری کرد، هەروەها ئەوەشــی لەبەرچاوگرتبوو کــە زەحمەتە دوای بینینی هەڵوێستی کورد لەبەرامبەر رەفتارەکەی د. جەعفەری جارێکی دیکە هەڵوێســتی هاوشــێوە رووبداتەوە، هەر بۆیە جارێکی  تر بە هەمان گڕوتینی پێشــووەوە بەشــداری لە پرۆسەی سیاسی عێراقــدا کردەوە و زیــاد لەمەش چەند یەکەیەکی ســەربازی کوردستانیشــی بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و کەمکردنەوەی توندوتیژی رەوانەی بەغدا کردو بە شــاهیدی هەموو لایەکیش یەکە سەربازییەکانی کوردســتان رۆڵی کاریگەر و سەرەکیان لە هێورکردنەوەی بارودۆخەکە گێڕاو ، نەشــبووە بەشێك لە کێشە و شــەڕی ناوخۆی نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە و، وەك هێزێکی سوپای عێراق هاوسەنگی پاراست و توانی وەك سوپای عێراق شکۆی خۆی لەسەر ئەو بارودۆخە  ئاڵۆزە فەرزبکات.

**تەنگژەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و هەڵوێستی حکومەتی  عێراق**

کە بەغدا پێویســتی بە کوردستان بوو، ســەرکردایەتی سیاسی کوردســتان لەسەر ئاســتی سیاســی میانگیری راستەقینە و هەڵسوڕێنەری پرۆسەی پێکهاتنەوەی  نیشتمانی نێوان  پێکهاتە سیاســیەکانی عێراق بوو، بۆ ئەم مەبەستەش جیاوازی لە نێوان بەغــدا و هەولێــر نەکردو، لە یــەك کاتدا لــە هەولێر و بەغدا هەوڵەکانی بەردەوام بوون. کە بەغدا و موسڵ پێویستی بە هێزی پێشمەرگە و یەکە ســەربازییەکانی کوردستان بوو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، لەوە دوو دڵ نەبوو کە هێزەکانی بنرێتە بەغدا



و موسڵ و بەشدارین لە هێورکردنەوەی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە.
بەڵام کە کوردستان وەك بەشێك لە عێراقێکی فیدرالی رووبەڕووی تەنگژەی ئەو دواییە بۆوە لەگەڵ  تورکیا، هەڵوێســتی بەغدا بەرامبەر هەولێر ئەو هەڵوێســتە نەبوو کــە بەرامبەر هەولێر  و بەغدا بە یەکپارچە بزانێت و لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی پشگیری بەغدا بۆ هەولێر رەنگدانەوەی هەبێت.

ئەوەی لەلایەن ســەرکردایەتی کوردستانەوە لە بەغدا چاوەڕێی دەکرا ئەوەبوو، حکومەتی بەغدا، بە هێزی پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان وەك خاڵێکی بەهێز بۆ سەروەریی عێراق و حوکمڕانی عێراق سەیربکات، بەڵام بەداخەوە هەستمان کرد هەڵوێستی بەغدا و حکومەتی د. مالکی، هەڵوێســتێکی  لاستیکی و تاکتیکی بوو، بەو ئاستە  نەبوو کە بتوانرێت بۆ پارێزگاریکردنی هەرێمی کوردســتان و رێگرتن لە دەســتێوەردانی ســەربازی پشتی پێ ببەســترێت و، بەراوێژ لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان رێوشــوێنی پێویست بۆ دوورخســتنەوەی ئەم تەنگژەیە بگرێتە بەر.


هەندێك لە چاودێران ئەم هەڵوێســتە تاکتیکی و لاســتیکیەی حکومەتــی بەغدا بە جۆرێك بە  لێکترازاندنی هەوڵەکان و کات بە فیرۆدان و هاندانی زیاتری حکومەتی تورکیا لە قەڵەمدەدەن بۆ ئەوەی زیاتر ســووربن لەســەر دەســتێوەردان و هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردســتان، بەڵام لێهاتوویی سەرۆکایەتی هەرێم و ســەرکردایەتی سیاسی کوردســتان و هەڵوێستە جوامێرەکانی ســەرۆکی حکومەتی کوردستان کە هەموو پێکەوە دەنگدانەوەی پێگەیشتوویی و لێهاتوویی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژە گەورەکان نەیانهێشت ئەم قەیرانە رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بێتەوە و بەرەواندنەوەی تەواوی هەوری رەشی ئەم تەنگژەیەش بە یەکجارەکی گەلێك وردەکاری زیاتر بۆ هەموو لایەك ئاشکرا دەبێت.

ســەبارەت بە رۆڵی سەرکردایەتی پێگەیشــتوو لە بەڕێوەبردنی تەنگژەکان و گۆڕینی ئاراســتەی چارەســەری سەربازی بۆ رێگە چارەی ئاشــتی و تویژ و پێگەی کوردستان لە هاوکێشە نێودەوڵەتیەکاندا، گوڵان تەوەری ئەمجارەی بۆ وتوویژ لەسەر ئەم پرسە تەرخانکردووە و ئەم بەڕێزانەش بەشدارییان تێداکردووە:

- ١. پرۆفیســۆر جامیس ســتۆنەر: لە زانکۆی لویســینای ئەمەریکی
- ٢. پرۆفیسۆر تۆماس کۆشمان: لە زانکۆی  فیرجینیا
- ٣. پرۆفیسۆر جاسۆن براون لی: لە زانکۆی تەکساس
- ٤. پرۆفیسۆر ئان شاپیرۆ: لە زانکۆی یەڵ
- ٥. پرۆفیسۆر ریك کون: لە زانکۆی نیشتمانی ئوسترالیا

گوڵان وێڕای سوپاســی بــێ پایانی بۆ ئــەم بەڕێزانەی کە بەشــداربوون لەم باســە گرنگە، لە هەمانکاتدا بە خوێنەرانی رادەگەیەنێت بۆچوونەکانی  هەمە جۆرن و بیروبۆچوونی جیاواز لە قســەکاندا. هەن و، لەوانەیە هەندێکیان لەگەڵ سیاســەتی گــوڵان یەکنەگرنەوە، بەڵام لە روانگــەی بڕوابوون بە ئازادی رادەربڕین و کاری رۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ، بۆچوونەکان وەك خۆیان بڵاو دەکاتەوە و  بۆچوونەکانیش دەربڕی رای شەخســی خاوەنەکانیانە و گوڵان لێیان بەرپرسیار نییە.

پرۆفیسۆر جامیس ستۆنەر لە زانکۆی ڤێرجینا بۆ گوڵان:



# دەبێت ئەمەریکییەکان لەو راستییە تێبگەن سەقامگیری عێراق پشت بەسەرکردایەتی کورد دەبەستێت

■ پرۆفیسۆر جامیس ستۆنەر لەساڵی ١٩٨٧ نامەی دکتۆراکەی لە زانستی سیاسەت لە زانکۆی هارڤارد تەواو کردووە و راوێژکاری یاساییە و پسپۆرە لە یاسای کلاسیکی ئینگلیزی و دەستووری ئەمەریکا.

پرۆفیسۆر ستۆنەر پسپۆر و تایبەتمەندیشە لە بنەماکانی سیاسەت و تێروانینی سیاسەتی ئەمەریکی بۆ کێشەکان و شارەزایە لەسەر رەوشی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و چەند جارێك سەردانی هەولێر و هەرێمی کوردستانی کردووە.

بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و رۆڵی سەرکردایەتی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و تەنگژەی ئەم دواییەی نێوان کوردستان و تورکیا، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر ستۆنەر کردو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.■

## چەسپاندنی سەقامگیری لە عێراقدا
## پشت بە بەشداریکردنی سەرکردە کوردەکان دەبەستێت

*** پێت وایە کورد دەتوانێت پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ببەستێت بۆ بەرەنگاربونەوەی هەڕەشەکانی تورکیا، لەبەر ئەوەی کورد خۆی بە دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکا لە قەڵەم دەدات و پێشتریش هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان کردووە لە رووخاندنی رژێمی عێراقدا؟**

- من پێم وایە پێوستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوەی بۆ تورکەکان روون کردبێتەوە کە داگیرکردنی کوردستانی عێراق کارێکی دوژمنکارانەیە، بەڵگەش ئەوەیە ئەم داگیرکاریە رووی نەداوە. من ناتوانم بڵێم سیاسەتی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئاست ئەم کێشە و گرژیەدا چیە. لە پێگەیەکدا نیم بتوانم هەڵوێستی راستەقینەی وڵاتە یەکگرتووەکان روون بکەمەوە، لەبەر ئەوە نامەوێت ئێوە چەواشە بکەم، و بە هەڵە ئەو هەڵوێستە هەڵبسەنگێنم. من پێم وایە کارێکی یارمەتیدەر دەبێت گەر رۆژنامەنووسەکانی ئەمەریکا سەردانی کوردستان بکەن و گەشەکردن و پەرەسەندنەکانی ئەم ناوچەیە بۆ ئەمەریکا بگوازنەوە، من لە رێی ئەنتەرنێتەوە هەندێ هەواڵم خوێندەوە بە تایبەتی هەندێ وێنەم بینی ئەوە پیشان دەدەن کوردستان لەم دوو ساڵەی دواییدا چەند بەرەوپێشچووە بە تایبەتی شاری هەولێر. زۆرێك لە ئەمەریکییەکان بەم راستیە ئاشنانین. یەکێك لە رۆژنامەنوسەکانی ئەمەریکا بە ناوی ولیەم سافایر کە پێشتر ستوننووس بوو لە رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز، ئەم رۆژنامەنوسە دۆستێکی نزیکی کوردەکان بوو هەمیشە باسی لە کێشەی کوردەکان دەکرد لە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمەریکادا، ئەمەش کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەبەر ئەوەی یەکێك بوو لە ستوننووسە گرنگەکانی وڵاتەکە. لەو کاتەوەی ئەم رۆژنامەنووسە خانەنشین بووە ئێستا زۆربەی هەواڵەکانی عێراق لە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمەریکاوە پەیوەستە بە شاری بەغداوە. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کوردەکان بتوانن هەواڵەکانی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی هەرێمەکەیان بگەیەننە ئەمەریکییەکان (ئێمە لە ئەمەریکا پێی دەڵێین کێشەی پەرپێدانی پەیوەندیە گشتیەکان)، گەر بە راشکاوی بدوێم ئەوا ئەمەریکیەکان بەم هەواڵانە سەرسام دەبن کاتێك ئەو رێگاوبان و خانوبەرە و قوتابخانانە ببینن کە بنیاتنراون. تەحەدداکە ئەوەیە کوردەکان بتوانن ئەم حەقیقەت و راستیانە لە ئەمەریکیەکان بگەیەنن و، ئەو راستیەیان بۆ روون بکەنەوە تا چ رادەیەك چەسپاندنی سەقامگیری لە عێراقدا پشت بە بەشداریکردنی سەرکردە کوردەکان دەبەستێت لەم پرۆسەیەدا.

## ئێمە لەوە تێدەگەین کوردەکان
## دۆستی ئێمەن لە ناوچەکەدا

*** هەروەك دیارە هەرێمی کوردستانی عێراق ئارامترین و سەقامگیرترین ناوچەیە لە عێراقدا و، وەکو تاکە سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمریکا لە قەڵەم دەرێت لەم وڵاتەدا، بە چ شێوەیەك ئەمریکا هەوڵی پاراستن و بەرگریکردن لەم هەرێمە دەدات لە دژی هەڕەشەکانی تورکیا، لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنی هەڕەشەکانی تورکیا دەبێتە هۆی شڵەژاندنی باری ئارام و ئاسایشی ئەم هەرێمە و، بەرژەوندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دووچاری هەڕەشە و مەترسی دەکاتەوە؟**

- ئێمە لە ئەمەریکا بە نیگەرانییەکی زۆرەوە لەو پێکدادانە دەڕوانین کە پێش چەند هەفتەیەك لە نێوان میلیشیا کوردییەکان و تورکیادا روویدا، لەبەر ئەوەی ئێمە لەوە تێدەگەین کوردەکان ئارامترین و سەقامگیرترین دۆستی ئێمەن لە ناوچەکەدا. بەڵام ئێمە لەوەش تێدەگەین پێویستە تورکیا وەك وڵاتێکی دۆستی ئەمەریکا بمێنێتەوە. لەبەر ئەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەمیشە هیوادارە تورکیا وەکو هاوپەیمانێك دووچاری ئاڵۆزی و ناکۆکی نەبێت لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمەریکادا. رەنگە ئێوەش ئەو بزانن پێش سێ ساڵ هەردوو وڵاتی یۆنان و تورکیا هاوپەیمانی ئەمەریکا بوون، بەڵام دوژمنی یەکتری بوون و، ئێستا وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەم راستیەی لەبەرچاوە لە پەیوەندی نێوان تورکیا و کوردەکاندا. ئەوەی ئێمە هیواداریین ئەوەیە هەموو هەوڵ وکۆششەکانمان بخەینەگەڕ بۆ ئەوەی هەردوولایان وەك هاوپەیمان و دۆستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بمێننەوە. پێش چەند ساڵێك کاتێك لە عێراق بووم، من و ئەو گروپەی لە گەڵیدا کارم دەکرد هاوسۆزبوین لەگەڵ کوردەکاندا و، ئەوەمان بەدیکرد کوردەکانی عێراق لە کوردی ناوچەکانی دیکە ئازادترن، بەڵام ئەو راستیەشمان لەبەرچاو بوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پابەندبونێکی دورودرێژی هەیە لە ئاست تورکیادا. ئێمە وەکو هاووڵاتیەکی ئاسایی هەوڵماندا ئەوە لە دۆستە کوردەکانمان بگەیەنین ئەم پابەندبونانەی ئەمەریکا چەند پتەون. هەر لەو روانگەیەوە ئێمە خوازیاری ئەوەین جیاوازی و ناکۆکیەکانی نێوان تورکیا و کوردەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە یەکلابکرێتەوە. من مەزەندەی ئەوە دەکەم چەند هەفتەیەك پێش ئێستا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا توانیویەتی تورکیا پاشگەزبکاتەوە لە ئەنجامدانی هێرشێکی سەربازی وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ئەو ئاڵۆزیەی لەم دواییەدا سەریهەڵدا.

## رەنگە کۆمپانیا و سەرمایەدارانی تورکی
## ئەوانەی پرۆژە و بەرژەوەندیان لە کوردستاندا هەیە
## بەرهەڵستی ئەنجامدانی هێرشێکی سەربازی بکەن بۆ سەر
## ئەم ناوچەیە

*** بەڵام یەکێك لە کێشەکانی دیکە بریتیە لە دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق لە کاروباری ناوخۆیی ئەم وڵاتەدا و، ئێستا مالیکی کە خاوەنی حکومەتێکی لاوازە داوای لەم دەوڵەتانە کردووە بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بن و هاوکاری بکەن لە سەقامگیرکردنی بارودۆخی وڵاتەکە، بەڵام ئەم دەوڵەتانە بەردەوامن لەسەر درێژەپێدانی دەستێوەرانەکانیان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا کە کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی سەلبیان هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت دەستێوەردانی ئەم دەوڵەتانە سنووردار بکات؟**

- من پێم وایە پەرەپێدان و گەشەپێدانی پەیوەندیە بازرگانییەکان و هاندانی جموجوڵە ئابوورییەکان دەبێتە هۆی لێکنزیکردنەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە و، رەنگە ئەو پەیوەندیە بازرگانییەی لە نێوان تورکیا و ناوچە کوردیەکەی عێراقدا هەیە ببێتە هۆی لەباربردنی هەوڵی لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان، لەبەر ئەوەی رەنگە کۆمپانیا و پیاوانی کاری تورکی ئەوانەی پرۆژە و بەرژەوەندیان هەیە لە کوردستاندا بەرهەڵستی ئەنجامدانی هێرشێکی سەربازی بکەن بۆ سەر ئەم ناوچەیە. بە رەچاوکردنی ئەوەی هەڵگیرسانی شەڕ دەبێتە هۆی لە ناوبردنی جموجوڵە

**دەبێت کورد بتوانێت ئەو راستییە بۆ ئەمەریکییەکان روون بکاتەوە تاچەند سەقامگیری عێراق پشت بە بەشداریکردنی سەرکردایەتی کوردستان دەبەستێت**

**ئێمە خوازیاری ئەوەین جیاوازی و ناکۆکیەکانی نێوان تورکیا و کوردەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە یەکلابکرێتەوە**

**ئەمەریکییەکان لە شاری بەغداوە عێراق دەبینن. من پێموایە تەحەدداکە ئەوەیە سەرکردە کوردەکان ئەوەیان یەکلانەکردۆتەوە ئایا ئایندەی خۆیان لە عێراقدا دەبینن یاخود نا**

بازرگانییەکان.

### ئەمەریکیەکان لە بەغداوە عێراق دەبینن

*** پێت وایە رۆڵی سەرکردە کوردەکان لەم چوار ساڵەی دواییدا رۆڵێکی ئیجابی بووە لە بنیاتنانەوی عێراقدا؟ ئایا سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی ئەم هەرێمە توانیویانە رۆڵێکی باش و ئیجابی ببینن لە هێورکردنەوەی بارگرژیەکەی ئەم دواییەدا کە لەگەڵ تورکیادا سەریهەڵدا؟**

- من زانیاریەکی تێروتەسەلم نییە بۆ ئەوەی بتوانم بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە. رەنگە ئەمەریکیەکان بتوانن لە رێی سەرۆك کۆمارەوە لە رۆڵی کوردەکان تێبگەن. بەڵام ئەمەریکییەکان لە شاری بەغداوە عێراق دەبینن. من پێموایە تەحەدداکە ئەوەیە سەرکردە کوردەکان ئەوەیان یەکلانەکردۆتەوە ئایا ئایندەی خۆیان لە عێراقدا دەبینن یاخود نا. ئێستا کوردەکان سەرقاڵی پەرەپێدانی کۆمەڵگەکەیانن، بەڵام رون نییە ئایا ئەو پەرەپێدانە لە چوارچێوەی ئاوێتەبونێکی نزیکە لەگەڵ باقی کۆمەڵگەی عێراقیدا یان نا. من وەڵامی ئەو پرسیارە نازانم، بەڵام کاتێك من لە عێراق بووم پیاوانی کاری تورکی و ئەڵمانیم بینی کە سەرگەرمی پەرەپێدانی کاری بازرگانی بون لەگەڵ ئەو وڵاتەدا. گۆشەنیگای گشتی ئەمەریکییەکان ئەوەیە گەر توانرا پەرە بە پەیوەندیە بازرگانییەکان بدرێت لە عێراقدا ئەوا خەڵکانی ئەم وڵاتە دەتوانن بەشێوەیەکی ئاشتیانە پێکەوە بژین. هەرچەندە رەنگە هەمیشە ئەوە راست نەبێت. ئەوەی ئەمەریکییەکان هەوڵی هێنانەدی دەدەن بریتیە لە گەشەپێدانی پەیوەندیە بازرگانییەکان لە نێوان بەشە کوردیەکەی عێراق و بەشەکانی دیکەی ئەو وڵاتەدا لە لایەك و، لە نێوان کوردەکان و دەوڵەتە دراوسێکانی دیکەدا بەتایبەتی تورکیا و رەنگە ئێرانیش، لەلایەکی دیکەوە.

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت؟ چۆن سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا لێکدەدیتەوە؟ چ پێشبینیەکت هەیە بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە؟**

- من پێم وایە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم دوو مانگەی دواییدا گۆرانێکی راستەقینە بە خۆوە دەبینێت. راگەیەندنەکانی جەنەراڵ پەتریۆس قایلکەر بوون و ئێستا ژمارەی قوربانیەکانی کردەوە تیرۆریستیەکان بە شێوەیەکی بەرچاو داکشانی بە خۆوە بینیووە. تەنانەت رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمزیش لە لاپەڕەی یەکەمیدا باسی لە باشتربوون و بەرەوپێشچونی بارودۆخی ئاسایش کردووە. ئەوەی دەتوانم بیلێم ئەوەیە ئێستا لەناو ئەمەریکییەکاندا ئەو هەستە نەماوە کە پێشتر لە ناو دیموکراتەکان و هەندێك لە کۆماریخوازەکاندا هەبوو، هەستی ئەوەی بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزبون و خراپ بوون دەچێت و جێی ئومێد نییە، لەبری ئەوە ئێستا ئەمەریکییەکان هەڵوێستی چاوەڕوانیان گرتۆتەبەر، چاوەڕوانی ئەوە دەکەن ئایا ئەو بەرەوپێشچونەی لە مانگەکانی پێشوو لە بارودۆخی ئاسایشدا هاتۆتەدی درێژەی دەبێت لە وەرزی زستاندا و، بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا.

### ئێمە باوەڕمان وایە سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی دەستووری خواستی کوردەکانی کوردستانی عێراقە

*** چوار ساڵ زێتر بەسەر داگیرکردنی عێراقدا تێدەپەڕێت لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، بەڵام هێشتا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی نەیانتوانیووە بارودۆخی عێراق کۆنترۆڵ بکەن، کەواتە هۆکاری سەرنەکەوتنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من کەسێکی شارەزای بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیم و یەکێك نیم لە بڕیارسازەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بەڵام وەك هاوڵاتییەکی ئەمەریکی ئەمە تێگەیشتنی منە، ئێمە پێمان وایە سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی دەستووری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئێمە دەکات. هەروەها ئێمە باوەڕمان وایە ئەمە خواستی خەڵکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشە. بەشێوەیەکی تایبەتی خواستی خەڵکانی عێراقیشە، ئەگەر هەمو خەڵکانی عێراقیش نەبێت ئەوا بە دڵنیاییەوە خواستی کوردەکانی کوردستانی عێراقە کە من پێش چەند ساڵێك سەردانم کرد. کێشەکە ئەوەیە ناکرێت حکومەتێکی دەستووری لە دەرەوەدا بەسەر وڵاتێکدا بسەپێنرێت، بەڵکو پێویستە خەڵکانی وڵاتەکە خۆیان کۆشش بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی لەم چەشنە بکەن. لە راستیدا نەبوونی پلانێکی تێروتەسەل لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە بەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمەریکییەکان ئومێدی ئەوەیان هەبوو کە عێراقیەکان بەشدارکەن لە دارڕشتنی نەخشەیەك بۆ ئایندەی وڵاتەکەیان. ئەوەی ئەمەریکیەکان پەیڕەویان کرد بریتی بوو لە پراگماتیزم، یەکێك لە ماناکانی ئەم دەستەواژەیەش بریتیە لەوەی پلانێکی تێروتەسەل و پێشوەختت نەبێت بەڵکو پێ بە پێی بەرەوپێشچونی بارودۆخەکە هەنگاو هەڵبگریت، بە تایبەتی ئەگەر کێشەکە بریتی بوو لە بەرەوپێشبردنی حکومەتێکی دەستووری و گەر بمانەوێت پلانێکی سەرکەوتومان هەبێت ئەوا پێویستە خەڵکانی وڵاتەکە لە سەر ئاستی مەحەلی بەشداری بکەن لە دارڕشتنی پلانەکەدا. ئەگەر لەبیرمان بێت ئەوا ستالین هەمیشە پلانی پێشوەختەی هەبوو، تەنانەت پلانی بۆ پێنج ساڵی داهاتوش دادەنا، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. هێزە سەربازیەکانی ئەمەریکاش بە وردی لە بارودۆخەکە ئەمنیەکەیان کۆڵیەوە و، دواتر هەڵسان بە دارڕشتنی پلانی پێویست و گونجاو بۆ چارەسەرکردنی و، ئێستا هەندێ لە ئاماژەکانی سەرکەوتن دەرکەوتون.

### پێگەی جوگرافی کوردستان رۆڵێکی راستەقینەی هەیە بۆ دیاریکردنی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا

***پێت وایە پێویستە کورد بە چ شێوەیەك رەفتار بکەن لەم بارودۆخەدا بۆ هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی ئەو گرژیەی لە گەڵ تورکیادا دروست بووە و بۆ هاوکاری کردنی حکومەتی عێراقی بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتەکە و گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ عێراق؟**

_ من لە پێگەیەکدا نیم پێشنیارێکی تێروتەسەل بخەمەڕوو. بەڵام پێم وایە لەبەر پێگەی جوگرافی کوردستان و لەبەرئەوەی کوردەکان بە سەر چەند وڵاتێکی گرنگی ناوچەکەدا دابەشبونە ئەوا کوردەکان رۆڵێکی راستەقینەی سەرکردایەتیان هەیە بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئایا رۆژهەڵاتی ناوەراست لە ئاشتیدا بژیەت یاخود درێژە بە بارودۆخی شەڕ و پشێوی بدات. تێڕوانینی من ئەوەیە گەر کوردەکان رۆڵێکی سەرکردایەتی ببینن لە ناوچەکەدا ئەوا ئەمە بە باشترین شێوە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کوردەکان دەکات و، رەنگە بتوانن رۆڵێکی مێژوویی راستەقینە ببینن لەو رووەوە.

**ئەوەی ئەمەریکییەکان ئومێدی ئەوەیان هەبوو کە عێراقیەکان بەشدارکەن لە دارڕشتنی نەخشەیەک بۆ ئایندەی وڵاتەکەیان. ئەوەی ئەمەریکیەکان پەیڕەویان کرد بریتی بوو لە پراگماتیزم، یەکێک لە ماناکانی ئەم دەستەواژەیەش بریتیە لەوەی پلانێکی تێروتەسەل و پێشوەختت نەبێت بەڵکو پێ بە پێی بەرەوپێشچونی بارودۆخەکە هەنگاو هەڵبگریت**

پرۆفیسۆر تۆماس کۆشمان لە زانکۆی ڤێرجینیای بۆ گوڵان:



# ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان هاوپەیمانی سروشتی یەکترن و دەبێت بە هەر نرخێک بێت ئەمە بپارێزێت

■ پرۆفیسۆر تۆماس کۆشمان ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ڤیرجینیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە عەدالەتی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ و جینۆساید و حکومەتی جیهانی و شارەزای بارودۆخی عێراق و کوردستان و تورکیایە.

پرۆفیسۆر کۆشمان لە بواری رۆژنامەگەریش رۆڵێکی دیاری هەیە و بایەخێکی زۆر بە ماس میدیا دەدات و سەرنووسەری بڵاوکراوەی مافەکانی مرۆڤە و لەساڵی ٢٠٠٥ کتێبێکی لەسەر شەڕی عێراق بەناونیشانی (پرسی پرەنسیپەکان)؟ بەڵگە مرۆڤایەتییەکان لە شەڕی عێراقدا).

لەسەر شەڕی بۆسنا و کرواتیاش کتێبێکی نووسیووە بە ناونیشانی (تێورێکی رەخنەگرانە و شەڕی کرواتیا و بۆسنا).

پرۆفیسۆر تۆماس کۆشمان وێڕای خۆشحاڵبوونی بەم دیمانەیە لەگەڵ گوڵان پێشنیاری ئەوەی خستە بەردەممان کە مانگانە ستوونێك بەتایبەتی بۆ گوڵان بنووسێت و ئێمەش بە سوپاسەوە ئەو پێشنیارەمان قبوڵکرد و لە ژمارەی داهاتووی گوڵان یەکەم وتاری بۆ گوڵان دەنووسێت و ئەمەش دەقی بۆچوونەکانی پرۆفیسۆر کۆشمان لەم دیمانەیە دایە. ■

**خواستی تورکیا بۆ بوونە بەشێک لە یەکێتی ئەوروپا لە خواستی ئەم وڵاتە بۆ بوونە هێزێکی ناوچەیی باڵا بەهێزترە**

### پێویستە تورکیا و کوردستان ببنە هاوپەیمان لەبەر ئەوەی ناکۆکییەکانیان خزمەتی بەرژەوەندیەکانی قاعیدە دەکەن

*** لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تورکیا گەورەترین و نزیکترین هاوپەیمانی ئەمەریکایە لە دوای ئیسرائیلەوە، و تورکیا دەیەوێت وەکو وڵاتێکی ئیسلامی و دیموکراسی خۆی بسەلمێنێت لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بەڵام ئەو راستییەش روونە کە دامەزراوەی سەربازی زیاتر باڵادەستە و، ئێستا هەڕەشەی سنووربەزاندن و داگیرکردنی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات بە بیانوی لێدانی چەکدارانی PKK، پرسیارەکە ئەوەیە ئەمە چ کاریگەریەکی لەسەر پێگەی تورکیا دەبێت؟**

- تورکیا لە بار و هەڵوێستێکی سەختدایە بە هۆی هاوسنووربوونی لەگەڵ عێراق، و ئیسلامییەکانی ناوخۆی وڵاتەکەیەوە. باشترین شتێك ئەوەیە کوردەکان بتوانن وەك هاوپەیمانێك لە تورکیا بروانن ، دژی کەسایەتی و رەگەزەئیسلامییە توندڕەوەکان بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی دوورودرێژی گرژی و ئاڵۆزی نێوان تورکیا و کوردستان رەنگە ئەمە کارێکی زەحمەت بێت. هەڵەیەکی گەورە دەبێت گەر تورکیا کوردستان داگیربکات و کارێکی باش دەبێت گەر پەکەکە چالاکییەکانی لە تورکیادا سنووردار بکەن. پێویستە تورکیا و کوردستان ببنە هاوپەیمان، لەبەر ئەوەی شەڕکردنیان لە دژی یەکتری خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەل قاعیدە دەکات.

### زەحمەتە تورکیا بەرگەی دەرئەنجامەکانی تێوەگلان و دەستێوەردانی کوردستان بگرێت

*** بەڵام تورکیا شانازی بە هێزە سەربازیەکەیەوە دەکات، و هەر ئەمەشە وای لێکردوە هەڕەشە لە دراوسێکانی بکات بەوەی دەتوانێت لە سەر نەخشە بیانسڕێتەوە، پێت وایە تورکیا بەم شێوازە دەبێتە هێزێکی ناوچەیی باڵا و باڵادەست؟ یاخود دەتوانێت بە هۆی رێزگرتن لە دراوسێکانی و لە مافەکانی مرۆڤەوە ئەم ئامانجە بەدەستبهێنێت؟**

- من لەو باوەڕەدانیم تورکیا خواستی ئەوەی هەبێت ببێتە هێزێکی ناوچەیی باڵادەست. پێویستە تورکیا ئەو پەیامە بگەیەنێت کە بەهێزە، بەڵام دەبێت ئامادەش بێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دیاریکراو رەفتار بکات تاوەکو بتوانێت ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپیدا. من پێم وایە خواستی تورکیا بۆ بوونە بەشێك لە یەکێتی ئەوروپا لە خواستی ئەم وڵاتە بۆ بوونە هێزێکی ناوچەیی باڵا بەهێزترە. تورکیا کارێکی زۆری لەپێشە بۆ باشترکردنی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ و، ناتوانێت بەرگەی دەرئەنجامەکانی تێوەگلان و دەستێوەردانی کوردستان بگرێت، کە سەقامگیرترین ناوچەی عێراقە.

### نازانین چی لە هزری جەنەڕاڵەکانی تورکیادا هەیە بەڵام وا دەردەکەوێت هەڵگیرساندن و بەرپاکردنی شەڕلە دژی کوردستان لەبەرژەوەندی ئەوانیشدا نیە

*** سەرکردە کوردەکان بە تایبەتی سەرۆکی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، هەوڵ و کۆششێکی راستەقینەیان خستۆتەگەڕ بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بارگرژیەکە، بەڵام تورکیا هەڵوێستێکی باشی نەخستۆتەروو،هەروەها ئامادەی وتووێژ و دانوستاندن نیە، پێت وایە لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چ هەڵوێستێکی دەبێت، ئایا تا سەر بێدەنگ دەبێت لە ئاست تورکیادا؟**

- من پێم وایە لە نێو وڵاتانی ناوچەکەدا، گرتنەبەری رێگاچارەی دیبلۆماسی لەگەڵ تورکیادا پتر سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت، لەبەر ئەوەی تورکیا هاوپەیمانی هێزە رۆژئاواییەکانە و ئامانجی ئەوەیە بچێتە پاڵ یەکێتی ئەوروپا. کارێکی قێزەون بوو کە کۆنگرێسی ئەمەریکا، بە سەرکردایەتی نانسی پیلۆسی، هەستا بە وروژاندنی تورکیا کاتێك کێشەی جینۆسایدی ئەرمەنییەکانی زەقکردەوە. زۆرێك لە دیموکراتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەیانەوێت هەر کارێکیان لەدەست بێت بیکەن بۆ ناسەقامگیرکردنی ئەو بارودۆخە پڕ لە گرژییەی لە عێراقدا هەیە بۆ خراپ پیشاندانی جۆرج بۆش، بەڵام خۆشبەختانە ئەم هەوڵە راگیرا. زەحمەتە بزانین چی لە هزری ژەنەڕاڵەکانی تورکیادا هەیە، بەڵام وا دەردەکەوێت هەڵگیرساندن و بەرپاکردنی شەڕ لە کوردستاندا لەبەرژەوەندی ئەواندا نیە.

### باشترین شت بۆ کورد درێژەپێدانە بە کوردستانێکی پێشکەوتنخواز و ئاشتیخواز

*** تێڕوانین و گۆشەنیگای سەرکردایەتی کورد لە بەرامبەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەیە هەموو ئەم وڵاتانە خاوەنی مێژووی هاوبەش و کەلتووری بەیەکداچوونە و هەر نەتەوەیەکی ئەم ناوچەیە پێویستی بە نەتەوەکانی دیکە هەیە و، پەرەپێدانی پەیوەندی کوردەکان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی وەك فارس، و تورك، و هەروەها عەرەبدا بە مەرجی سەرەکی بەرەوپێشچوونی ئایندەی کورد لەقەڵەم دەدەن، و سەرکردە کوردەکان هەوڵی گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی هاوچەرخانە دەدەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دراوسێکانیاندا، کەواتە رێژەی سەرکەوتنی کوردەکان چەندە گەر لەبەرامبەردا وەڵامێکی ئیجابییان نەدرایەوە؟**

- تۆ مەبەستتە» دەرفەتەکانی سەرکەوتنی کوردەکان چیین گەر کاردانەویەکی ئیجابییان بەدینەکرد» لە بەرامبەر هەوڵەکانیاندا بۆ پەرەپێدانی یەکێتی و هاریکاری لەگەڵ گەلانی ناوچەکە . لەگۆشەنیگای ئەمریکییەکانەوە، کوردستانی عێراق ناوچەیەکی گرنگ و پڕبایەخە بۆ پەرەپێدانی سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. رەنگە وڵاتانی دەوروبەر نیگەران بن لە بارەی بانگەشەکانی پەیوەست بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە، کەواتە باشترین شتێك کوردەکان پێی هەڵبستن بریتیە لە درێژەپێدان بە کوردستانێکی پێشکەوتنخواز، و ئاشتیخواز، کە باوەڕی بە رێگاچارەی دیبلۆماسی هەبێت، و لە رووی ئابوریەوە سەرکەوتوو بێت بۆ ئەوەی ببێتە مۆدێلێك بۆ دیموکراسی و وەکو هاوپەیمانێکی بەهێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بمێنێتەوە لە ناوچەکەدا.

*** ئەوەی روونە کە چارەسەرنەکردن و ئاڵۆزبونی کێشەکانی عێراق، وا دەکات ئەم وڵاتە ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی جیهان، و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەیتوانیوە کەلتووری لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردن لە عێراقدا بچەسپێنێت، و ئێستا عێراقییەکان یەکدی رەتدەکەنەوە، تا رادەیەك هێنانەدی ئاشتەوایی نیشتمانی بۆتە ئەرکێکی مەحاڵ، پێت وایە باشترین رێگاچارەی رزگاربوون و دەربازبوون لەم بارودۆخە چیە؟ وە پێت وایە چ چارەنووسێك چاوەڕوانی عێراق دەکات؟**

- من نازانم ئایا ئاشتەوایی نیشتمانی شتێکی مومکینە یان نا. عێراقییەکان لە پێگەیەکی باشتردان بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلەیە. ئەرکی سەرەکی ئەوەیە رێکخراوی ئەل قاعیدە بە تەواوەتی لە وڵاتەکەدا ریشەکێشبکرێت، و هەموو لایەنە عێراقییەکان ئەم رێکخراوە بە دوژمنی سەرەکی بزانن نەك وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا. پێدەچێت ئێستا ئەمە رووبدات. گەر لایەنە جیاوازەکان دوژمنێکی هاوبەشیان هەبێت، ئەوا دەرفەتێکی باشتریان بۆ دەڕەخسێت بۆ ئەوەی بتوانن یەکێتی و یەکگرتوویی لە نێو خۆیاندا بخوڵقێنن. دوایین ئەو ئامارانەی من ئاگاداریانم ئاماژە بە کەمبونەوە و داکشانی ئاستی توندوتیژی دەکەن لە عێراقدا. گەر ئەمە راست بێت، ئەوا دەتوانین ئومێدی هاتنەدی بەرەوپێشچونی زیاتر بکەین لە ئایندەدا.

**دوایین ئەو ئامارانەی من ئاگاداریانم ئاماژە بە کەمبونەوە و داکشانی ئاستی توندوتیژی دەکەن لە عێراقدا. گەر ئەمە راست بێت، ئەوا دەتوانین ئومێدی هاتنەدی بەرەوپێشچونی زیاتر بکەین لە ئایندەدا**

### باشترین ریگە ئەوەیە ئەمەریکا وەکو دەوڵەتێک مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا بکات

*** زۆرێك لە چاودێران لەو باوەڕەدان کە چارەسەرکردنی کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین، دەبێتە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئێستا کێشەی عێراق بۆتە کێشەیەکی گرنگتر و گەورەتر، و شکستهێنانی ئەمەریکا لە عێراقدا، دەبێتە هۆی شکستهێنانی لە**

**سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەمەریکا دەتوانێت لە شەڕی عێراقدا سەرکەوتوو بێت؟ و پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چ سیاسەتێك بگرێتەبەر لە عێراقدا بۆ ئەوەی سەکەوتوو بێت؟**

- من لەو باوەڕەدانیم ئەرکی «بردنەوەی» شـــەڕەکە لە ئەستۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێت، بەڵکو ئەرکی ئەمەریکا ئەوەیە یارمەتی بنیاتنان و پێکهێنانی ســـوپایەکی عێراقی بدات کە بتوانێت ئاسایشـــی نیشتمانی وڵاتەکە بپارێزێت. من ئەو ڕاستیە دەزانم گەر لەم ساتەدا هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکشێنەوە( هەروەك ئەوەی هەندێك لە دیموکراتەکانی ناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری لێدەکەن)، ئەوا جینۆســـاید و توندوتیژی پڕ لە کوشتار و خوێنڕێژی لە عێراقـــدا ڕوودەدەن و هەموو قوربانیەکانیش لە پێناوی هیچدا دەکوژرێن. و ئەمە گوڕوتین بە ڕێکخراوی ئەل قاعیدە دەبەخشـــێت و دەبێتە مایەی خولْقاندنی کارەســـات نەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تەنیا بەڵکو لە تەواوی جیهاندا گەر قاعیدە بتوانێـــت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ببەزێنێت.

## ئەمەریکا و کوردستان دۆست و هاوپەیمانی سروشتی یەکترین دەبێت بە هەموو نرخێکیش ئەمە بپارێزرێت

*** لە پرســـیارەکانی پێشـــوودا ئاماژەمان بە شەڕی دژە تیرۆر، کێشەی عێراق، و هەڵکشانی تەوژمی توندڕەوی ئیسلامی کرد، و بە شێوەیەکی گشـــتی زۆربەی خەڵکی کوردستان خۆیان بە دۆستێکی نزیکی وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا دەزانن، و زۆرێك لە شـــارەزایان لەو باوەڕەدان کـــە کـــوردەکان دەتوانن ببنە پشـــتیوانێکی باش بۆ سیاســـەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، ئایا لەو باوەڕەدایت لەبەرامبەردا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ببێتە هاوپەیمانێکی نزیکی کوردەکان و بیانکاتە بەشێك لە سیاسەتەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە چەشنێك کـــوردەکان بتوانن پەیوەندیگەلێکی پتەو لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا بۆ نمونە تورکیا ببەستن؟**

- بەڵـــێ، بە دڵنیاییەوە وەڵامەکە بریتییـــە لە بەڵێ. هەرچەندە زەحمەتە کوردستان لە ئێستادا ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام باشترین شت ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەکو دەوڵەتێك مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا بکات، بەوەی هەڵبستێت بە بنیاتنانی ژێرخانە سیاسی و ئابوورییەکەی و پاڵپشـــتی لە هەوڵ و کۆششەکانی بکات بۆ سەقامگیرکردنی عێراق و پەرەپێدانـــی پەیوەندیگەلێکی باش لەگەڵ تورکیادا. حاڵی حازر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کوردســـتان دۆست و هاوپەیمانی سروشتی یەکترین و ئامانجگەلێکی هاوبەشیان هەیە و دەبێت بە هەموو نرخێکیش ئەمە بپارێزرێت.

## ناکرێت تەنیا لەسەر ئاستی دیبلۆماسی مامەڵە لەگەڵ ئێران بکرێت

*** پتر لەچەند ساڵێکە، بیر لە پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی کراوەتەوە بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشە و قەیرانەکان، پرسیارەکە ئەوەیە بەکارهێنانی ڕێگاچارەی سەربازی لەبری ڕێگاچارە دیبلۆماسییەکان چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکان لەسەر ئاستە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان؟**

- ئەوەی ڕوونە، ســـەختی و دژوارییەکانی عێـــراق وایان کردووە پتر بیر لە ئەگەری پەنابردنەبەر بەکارهێنانی ڕێگاچارە ســـەربازیەکان بکرێتەوە بۆ چارەســـەرکردنی کێشە و گرفتەکان. لە لایەکی دیکەوە، گرتنەبەری شێوازی دیبلۆماســـی، بە بێ هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز، ڕەنگە وا لە دیکتاتۆر و پێشێلکارانی مافی مرۆڤ بکات پتر دەستدرێژی بکەن و پتر دوژمنکارانە ڕەفتار بکەن. ئەو چەشـــنە ڕژێمانە، بۆ نمونە، ئەو ڕژێمەی لە ئێراندا هەیە، ناکرێت تەنیا لە ســـەر ئاســـتی دیبلۆماسیدا مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت کاتێك هەڕەشـــەی لەناوبردنی وڵاتانی دیکە دەکات و رایدەگەیەنێت کە نیازی پەرەپێدانی توانا نەوەوییەکانی هەیە. ڕەفتارەکانی ئێران وا دەکات بیر لەوە بکرێتەوە چەند گورزێکی ســـەربازی پێشوەختە لەم وڵاتە بســـرەوێنرێت، وگەر ئەم گورزە ســـەربازیانەش لە دژی ئێران جێبەجێکران، ئەوا ئۆباڵەکەی ناکەوێتە ئەســـتۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەڵکو پتر بۆ ئامادەنەبوونی ئێران دەگەڕێتەوە لەوەی دەست لە مەسەلە ناوەکییەکە هەڵبگرێت.

## چارەسەری ئاشتییانە دەوەستێتە سەر ئامادەباشی هەردوولایەنەکە

***هەروەك دەبینین هەمیشە دەرئەنجامەکانی بەکارهێنانی هێزی سەربازی بریتین لە توندوتیژی و شڵەژانی باری سەقامگیری، ئەمانە هەمووی بەڵگەی ڕوونی شکستی ڕێگاچارەی سەربازین، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تا ناوچەکە لە خوێن هەڵنەکشـــێت هێزە پەیوەندیـــدارەکان ڕێگاچارەی ئاشتییانەناگرنەبەر؟**

- چارەســـەری ئاشتیانە دەوەســـتێتە ســـەر ئامادەیی و ئارەزومەندی هەردوولایەنەکە بۆ هێنانەدی ئاشتی. دەکرا ڕێگە لە هەڵگیرسانی شەڕی عێراق بگیرایە گەر سەددام بە پێشنیاری جێهێشتنی وڵاتەکەی ڕازیبوایە. ســـەرەڕای ئەوەش، زەحمەتە قسەکانی ئێران بە جیددی وەربگرین کاتێك رایدەگەیەنێت سەرقاڵی پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای نەوەوییە، لەبەر ئەوەی لە هەمان کاتدا سەرۆکی ئەو وڵاتە ئەوە رادەگەیەنێت کە هەڵدەستێت بە سڕینەوەی ئیسرائیل لەســـەر ڕووی زەوی. ئەو کاتە ئەگەری هاتنەدی دەرئەنجامەکانی ئاشتی لە ئارادا دەبێت گەر سەرکردەکانی ئەو ناوچەیە کەمتر توندڕەو بن، و ڕەنگە بە هاتنی سەرۆکی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریـــکا، بارودۆخەکە پتر لەباربێت بـــۆ گفتوگۆکردن، بەڵام هەوڵی ڕازیکردن و سازشکردن لەگەڵ خەڵکانێکی وەك ئەحمەدی نەژاتدا یەکێك نییە لە ڕێگاچارەکان.

## کورد، شەڕی ئەمەریکا بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و جێگیرکردنی دیموکراسی لە عێراقدا دەنرخێنن

***هـــەروەك دەزانین وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریـــکا لە چوارچێوەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیدا، شەڕی دژە تیرۆری ڕاگەیاند، و دەستیکرد بە گۆڕینی ڕژێمە دیکتاتۆریەکان، لە عێراق و ئەفغانستاندا، بەڵام تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا بارودۆخی ئەم دوو وڵاتە کۆنترۆڵ بکات، و ئێستا هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە گەشەکردن و هەڵکشاندان، پرســـیارەکە ئەوەیە هەتا کەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا درێژە بە سیاسەتی گۆڕینی ڕژێمەکان و بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان؟**

- بیروبۆچوونی من ئەوەیە کوردەکان شـــەڕی وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژی عێراق و جێگیرکردنی دیموکراسی لە عێراقدا دەنرخێنن. ڕەنگە دیموکراســـییەکی ناکامڵ بێت، بەڵام لە ڕژێمی پێشوتر باشترە. و پێدەچێت ئێســـتا ڕێکخراوی قاعیدە بوبێتە دوژمنی هاوبەشی زۆربەی لایەنە عێراقییەکان. پێویســـتە کار و کۆشـــش بکەین بۆ پێشخســـتنی دیموکراسی لە عێراق و ئەفغانستاندا، بەڵام پێویستیشە وریابین لە پەنابردنە بـــەر بەکارهێنانی هێز لە بارودۆخە نوێیەکانـــدا، مەگەر بارودۆخەکە بە تەواوەتی ئەم ڕێگاچارەیە بخوازێت. بەڵام بوونی ڕق و قین کێشـــەیەکی ڕاستەقینەیە، من لە یادمە لە ڕۆژەکانی سەرەتای شەڕی عێراقدا، زۆرێك لە عێراقییەکان سوپاســـگوزار بوون بە ڕۆیشتنی سەددام، بەڵام قەڵس و بێزاربـــوون لە داگیرکارییەکە. و گەر ئەم هەســـتی بێزاری و بێزراویە لە دژی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زاڵ ببێت ئەوا تەنیا لە سەر ئاستی مەحەلی گیانی پەرۆشی بۆ دیموکراسی بەدیدەکەن، و ئەمەش دوژمنی ڕاستەقینەی بەرەپێشەوەچوونە.

هەرچەندە زەحمەتە کوردستان لە ئێستادا ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام باشترین شت ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەکو دەوڵەتێك مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا بکات، بەوەی هەڵبستێت بە بنیاتنانی ژێرخانە سیاسی و ئابوورییەکەی

پێدەچێت ئێستا ڕێکخراوی قاعیدە بوبێتە دوژمنی هاوبەشی زۆربەی لایەنە عێراقییەکان. پێویستە کار و کۆشش بکەین بۆ پێشخستنی دیموکراسی لە عێراق و ئەفغانستاندا

پرۆفیسۆر جاسۆن براون لی لە زانکۆی تەکساس بۆ گوڵان:



# لە عێراقدا، رژێمێکی دیکتاتۆری گۆڕاوە بۆ حکومەتێکی نانیشتمانی

■ پرۆفیسۆر جاسۆن براون لی ئوستادی یاساو سیاسەتە لە زانکۆی تەکساس و سەرۆکی دیموکراسی و پەرەپێدان و سەروەریی یاساشە لە زانکۆی ستانفۆردو پسپۆرو تایبەتمەندە لە سیاسەتی بەراوردکاری و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سەبارەت بە بارودۆخی دوای رژێمی دیکتاتۆری عێراق و قۆناغی گواستنەوە لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر جاسۆن براون لی کردو بەڕێزی بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو. ■

## ئەو گۆڕانەی لە عێراقدا هاتۆتە دی بریتیە لە گۆڕینی ڕژێمێکی دیکتاتۆری بۆ حکومەتێکی نانیشتمانی

*** تا چ ڕادەیەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرکەوتوو بووە لە ئەرکی گۆڕینی دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان و جێگیرکردنی سیستمێکی دیموکراسی لە جێگایان، بۆ نموونە لە عێراقدا؟**

- من پێم وایە ئەو گۆڕانەی لە عێراقدا هاتۆتە دی بریتییە لە گۆڕینی ڕژێمێکی دیکتاتۆری بۆ حکومەتێکی نانیشتمانی، واتە هەریەك لە گروپ و پێکهاتەکانی عێراق لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەدان.

بۆ بنیاتنانی حکومەتێکی دیموکراسی پێویستە یەکەم هەنگاو بریتی بێت لە بەدەستهێنانی سەروەری نیشتمانی، ئەوەش ڕاماڵینی هێزە دەرەکییەکان لە خۆدەگرێت، هێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێت یاخود هێزە ئەوروپییەکان بن. واتە عێراقییەکان خۆیان بەرژەوەندییەکانی خۆیان دیاریبکەن و، هەڵبستن بە پێکهێنانی حکومەتێك بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانیان.

## هێزە سەربازییەکان و سیاسەتمەدارە ئەمەریکییەکان کاریگەرییەکی ئیجابیان لەسەر ژیانی رۆژانەی خەڵکی عێراق نییە

***هۆکاری سەرنەکەوتنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت؟ چۆن سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا لێکدەدیتەوە؟ چ پێشبینییەکت هەیە بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە؟**

-با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا سەرکەوتوو نەبووە، من پێم وایە هێزە سەربازییەکان و سیاسەتمەدارە ئەمەریکییەکان کاریگەرییەکی ئیجابیان نییە لەسەر ژیانی رۆژانەی خەڵکی عێراق و، هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا نەیانتوانیوە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی عێراق دابین بکەن، بەڵکو زۆرجار وەکو هەڕەشە بۆ سەر ژیانی خەڵکەکە لێیان دەڕوانرێت. کاتێك عێراقییەکان دووچاری گیرو گرفت دەبن ئەوا پەنا بۆ عێراقییەکانی دیکە دەبەن بۆ چارەسەرکردنیان نەك بۆ ئەمەریکییەکان یان بۆ هێزە دەرەکییەکانی دیکە. ئەمەش دیاردەیەکی باوی ئەو بارودۆخانەیە کە لە ئەنجامی داگیرکارییەوە سەرهەڵدەدەن و، لە شوێن و ناوچەکانی دیکەدا روویان داوە کە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە داگیرکراون، یاخود لە لایەن وڵاتی دیکەوە داگیرکراون لەبەر ئەوە ئەم دیاردەیە تەنیا پەیوەست نییە بە دەسەڵاتی داگیرکاری ئەمەریکاوە. بەڵکو دیاردەیەکی گشتییە و هاوشانە بەو بارودۆخانەی بەهۆی داگیرکاری دەسەڵاتە دەرەکییەکانەوە دەخولقێن. ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەت و ستراتیجیەتی ئەمەریکاوە هەیە، ئەوا من پێم وایە ستراتجیەتەکە بریتییە لە هێشتنەوەی ژمارەیەکی گەورەی سەرباز لە عێراقدا و، من لەو باوڕەدانیم گۆڕانکارییەکی گەورە و بەرچاو لەو رووەوە رووبدات.

## ئەمەریکا لە سەرەتادا پلانێکی هەبوو بەڵام پلانێکی خراپ تەنیا گرنگی بە دانانی وەزیرەکان دەدا و کێشە سیاسییە دیار و بەرچاوەکانی چارەسەر نەکران

*** زۆرێك لە شارەزایان ئەوە دەخەنەڕوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هیچ نەخشەیەکی نەبوو تاوەکو لە دوای گۆڕینی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە پیادەی بکات، بەڵام ئێستا چوار ساڵ بەسەر داگیرکردنی عێراقدا تێپەڕیووە، دەرئەنجامی داگیرکارییەکە بریتییە لە سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ و ناکۆکی تائیفی،پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تاوەکو ئێستاش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هیچ نەخشەیەکی نییە بۆ کۆنترۆڵکردن و باشترکردنی بارودۆخەکە، لەبەر ئەوەی ئامانجی ڕاگەیەندراوی ئەمەریکا بریتی بوو لە جێگیرکردنی دیموکراسی لەم وڵاتەدا؟**

- من پێم وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەرەتادا پلانێکی هەبوو بەڵام پلانێکی خراپ و سەرنەکەوتوو بوو، بریتی بوو لە پلانێکی تەکنیکی مەبەستم ئەوەیە تەنیا گرنگی بە دانانی وەزیرەکان و دیاریکردنی ئاستی هێزە سەربازییەکان دەدا. واتە کێشە سیاسییە دیار و بەرچاوەکان رەچاو نەکران و هەوڵی چارەسەرکردنیان نەدرا لەم وڵاتە دا. ئەو کێشە و تەحەددایانەش بریتی بوون لەوەی بە چ شێوەیەك مومارەسەی دەسەڵات بکرێت لەم وڵاتەدا، بەڵام لە کۆتاییدا گەیشتە ئەو قەناعەتەی هەڵبستێت بە ڕێککەوتن لەگەڵ سەرکردە مەحەلییەکاندا و، بگاتە ڕێگاچارەیەکی مامناوەندی لە گەڵیاندا و، ئێستا وردە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا درك بەوە دەکات کە پێویستە بەم کارە هەڵبستێت لە عێراقدا. ئەمەش بە مانای دەستهەڵگرتن دێت لە خەون و ئامانجی بە دیموکراسیکردن و دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵات، لەبەر ئەوەی بە مانای ئەوە دێت پشت بە هەمان ئەو خەڵکانە ببەستێت کە پێشتر دەسەڵاتیان لە دەستدابوو و، بەرپرسیارێتی وڵاتەکەیان لە ئەستۆ بوو. مەبەستم لە سەرکردە مەحەلییەکان تەنیا ئەو کەسانە نییە کە پێشتر بەعسیبوون، بەڵکو بە هەمان شێوە سەرکردە کوردەکانیش کە لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە ناوچەکەی خۆیاندا دەسەڵاتدار و دەستڕویشتوون، هەروەها شیعەکانیش کە لە باشووری وڵاتەکەدا دەسەڵات و کاریگەرییەکی گەورە و بەرچاویان هەیە بەهۆی مزگەوتەکان و تۆڕەکانی دیکەوە. لەبەر ئەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بری ئەوەی هەڵبستێت بە خولقاندنی سەرکردەگەلێکی نوێ سەرقاڵی پێکهێنانی سیستمێکی حکومڕانییە کە پشت بە سەرکردە مەحەلییەکان دەبەستێت. واتە ئێستا سەرگەرمی دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتیەکانە کە ڕاددەیەك لە ئارامی و ئاسایش بۆ عێراقی و خێزانەکانیان دەستەبەر دەکات.

## ئاماژەکانی سەرکەوتن لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نەوەتەکان

*** هەروەك دیارە هەرێمی کوردستانی عێراق ئارامترین و سەقامگیرترین ناوچەیە لە عێراقدا و، وەکو تاکە سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا لە قەڵەم دەرێت لەم وڵاتەدا، بە چ شێوەیەك ئەمەریکا هەوڵی پاراستن و بەرگریکردن لەم هەرێمە دەدات لە دژی هەڕەشەکانی تورکیا، لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنی هەڕەشەکانی تورکیا دەبێتە هۆی شڵەژاندنی باری ئارام و ئاسایشی ئەم هەرێمە؟**

ـ من پێم وایە ئاماژەکانی سەرکەوتن لە کوردستاندا بەدیدەکرێن

●●●

**هێزە سەربازییەکان و سیاسەتمەدارە ئەمەریکییەکان کاریگەرییەکی ئیجابیان نییە لەسەر ژیانی رۆژانەی خەڵکی عێراق و، هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا نەیانتوانیوە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی عێراق دابین بکەن**

●●●

●●●

**ئاماژەکانی سەرکەوتن لە کوردستاندا بەدیدەکرێن و، ئەمە تەنیا بۆ ساڵی ٢٠٠٣ ناگەڕێتەوە بەڵکو بۆ ساڵانی نەوەتەکان دەگەڕێتەوە**

●●●

**من و هەر ئەمەریکییەکی دیکە سەرچاوەیەکی خراپین بۆ ئەوەی راسپاردەمان هەبێت بۆ خەڵکی عێراق. ئەو مەسەلەیە بۆ عێراقییەکان دەگەڕێتەوە کە خۆیان لە وڵاتەکەدا ژیان بەسەر دەبەن و منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن واتە دەبێت ئەوان بڕیار لەسەر ئەو مەسەلەیە بدەن**

و، ئەمە تەنیا بۆ ساڵی ٢٠٠٣ ناگەڕێتەوە بەڵکو بۆ ساڵانی نەوەتەکان دەگەڕێتەوە کە لەو سەردەمەدا ناوچەی ئارام بۆ پاراستنی کوردەکان پێکهات. من خۆم بە کەسێکی شارەزای بواری پەیوەندییەکانی تورکیا و کوردەکان نازانم، بەڵام پێم وایە گرتنەبەری رێگاچارەیەکی دیبلۆماسی بنیاتنەرانە بۆی هەیە ببێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکە. لە راستیدا پرسیارەکەی ئێوە نیگەرانی تورکەکانی لە خۆنەگرتووە دەربارەی چالاکییەکانی چەکدارانی PKK و ئەو هاوڵاتییە تورکانەی بوونەتە قوربانی ئەم چالاکیانە.

***پێت وایە کوردەکان دەتوانن پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ببەستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی تورکیا، لەبەر ئەوەی کوردەکان خۆیان بە دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکا لە قەڵەم دەدەن و، پێشتریش هاوکاری وڵاتە یەکگرتووەکانیان کردووە لە شەڕەکەیدا دژی عێراق؟**

- ئەوەی تۆ دەیڵێیت ئەگەری هاتنەدی دی هەیە، واتە دەکرێت کوردەکان ببنە دۆستێکی وڵاتە یەکگرتووەکان. بەڵام من پێم وایە باشترە خەڵکی عێراق و کوردەکان پەیوەندییەکی دیبلۆماسی پتەوتریان لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا هەبێت. لەبری ئەوەی پشت بە دەوڵەت و هێزە دەرەکییەکان ببەستن.

**من هیوادارم خەڵکی عێراق بتوانن لە ئایندەیەکی نزیکدا مومارەسەی سەروەریەکی نیشتمانی راستەقینە بکەن**

*** بە حوکمی ئەوەی کوردستان ئەزموونێکی دیموکراسی هەیە و، سەرکردە کوردەکان ڕۆڵێکی ئیجابیان بینیووە لە هێورکردنەوەی بارودۆخی عێراقدا، ئایا پێت وایە ئەمە چ کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی لەسەر ناوچەکانی دیکەی عێراق دەبێت؟ پێت وایە دەتوانن سوود لە ئەزموونی ئەم هەرێمە وەربگرن؟**

- من هیوادارم خەڵکی عێراق بتوانن لە ئایندەیەکی نزیکدا مومارەسەی سەروەرییەکی نیشتمانی راستەقینە بکەن و، حکومەتێکی کارا پێکبهێنن. ئەرکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوەیە یارمەتی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بدات، بەڵام دەبێت ئەم یارمەتیدانە لە سەر داوای عێراقییەکان بێت و دوای ئەوە بێت کە ئەمەریکا هێزەکانی لە عێراقدا دەکشێنێتەوە و، ئەرکەکە ئەوە نییە درێژە بە داگیرکاری بدەیت، بەڵکو هەروەك ئاماژەم پێدا دەبێت لە دوای پاشەکشەیەکی تەواوی هێزە سەربازییەکانەوە بێت بۆ نموونە لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان و دابینکردنی سەرچاوەکان بۆ ئاوارە و پەناهەندە عێراقییەکان لەبەر ئەوەی ئێستا کێشەی پەنابەران و ئاوارە عێراقییەکان بۆتە کێشەیەکی سەخت و دژوار.

*** بەڵام پێشتر وڵاتی عێراق ئەزمونی دیموکراسی نەبووە، پێت وایە دیموکراسی لە عێراقدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟**

- گەر دیموکراسی بریتی بێت لەوەی عێراقییەکان هەڵبستن بە پێکهێنانی حکومەتێك کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان بکات، پێم وایە ئەگەری هاتنەدی ئەو ئامانجە ئەگەرێکی راستەقینەیە. تێڕوانینی من ئەوەیە داگیرکاری ئەمەریکا و کۆنترۆڵکردنی عێراق لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە کۆسپ و تەگەرەیە لە بەردەم ئەو ئەرکەدا. واتە بە چەشنی داگیرکارە دەرەکییەکانی دیکە ئاستەنگە لە بەردەم دیموکراسیداو لەمبارەشەوە من و هەر ئەمەریکییەکی دیکە سەرچاوەیەکی خراپین بۆ ئەوەی راسپاردەمان هەبێت بۆ خەڵکی عێراق. ئەو مەسەلەیە بۆ عێراقییەکان دەگەڕێتەوە کە خۆیان لە وڵاتەکەدا ژیان بەسەر دەبەن و منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن واتە دەبێت ئەوان بڕیار لەسەر ئەو مەسەلەیە بدەن.

***هەوڵ و کۆششێکی زۆر خراوەتەگەڕ بۆ جێگیرکردن و چەسپاندنی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام دەرئەنجامەکەی بریتی بووە لە بەهێزبوونی پتر پایەکانی دیکتاتۆری و، رەوت و تەوژمە ئیسلامییە توندڕەوەکان بەرەو هەڵکشان چوونە. بۆ نموونە لە میسردا. هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟ پێت وایە هەل و مەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبار و گونجاو نییە بۆ بنیاتنانی دیموکراسی؟**

- لە راستیدا من پێم وایە حیزبی نیشتمانی دیموکراتی دەسەڵاتدار لە میسر کۆسپی راستەقینەی پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسییە لەبەر ئەوەی ئامادە نییە گروپە سیاسییەکانی دیکە بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن، نەك هەر رەوتە ئیسلامییەکان بەڵکو بزووتنەوە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی دیکەی وەك پارتی غەد. لەبەر ئەوە بیروبۆچوونی من ئەوەیە کەلتووری ئەم وڵاتانە یاخود بزووتنەوە ئاینییەکان کۆسپ و ئاستەنگ نین لەبەردەم دیموکراسیدا. چونکە لە هەندێك وڵاتی دیموکراسیدا بزووتنەوە ئاینییەکان بەشداری پرۆسە سیاسییەکە دەکەن. واتە هۆکارەکە ئەوەیە بڕیار بەدەستانی میسری ئامادەنین گرووپەکانی دیکە بەشدار پێبکەن لە دەسەڵاتدا.

**حیزبی نیشتمانی دیموکراتی دەسەڵاتدار لە میسر کۆسپی راستەقینەی پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسییە لەبەر ئەوەی ئامادە نییە گروپە سیاسییەکانی دیکە بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن**

*** چۆن پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا لێکدەدەیتەوە؟ ئایا پێشبینی بەرپابوونی شەڕ دەکەیت لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا؟ گەر ئەم شەڕە هەڵگیرسا، ئایا پێشبینی دەکەیت خاکی عێراق ببێتە گۆڕەپانی شەڕەکە؟ ئایا هێشتنەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بەشێکە لە نەخشە و ستراتیجیەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئەوەی بنکەگەلێکی سەربازی نزیکی هەبێت لە ئێرانەوە؟**

- من پێم وایەو پێویستە هێزە سەربازیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا پاشەکشەیان پێبکرێت، من بەرهەڵستی هەر کردارێکی سەربازی دەکەم لە دژی ئێران، لە راستیدا من گەشبین نیم بەوەی سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم هێزانە بکشێنێتەوەو، ئەگەری ئەوە هەیە درێژە بە هەمان ئەو سیاسەتە بدات کە ئێستا پیادە دەکرێت.

*** بەڵام ئایا لە دوای کشانەوەی ئەم هێزانە، عێراقییەکان بتوانن پێکەوە دابنیشن و گفتوگۆ بکەن؟ یاخود لەو باوەڕەدایت بارودۆخەکە پتر بە ئاڕاستەی توندوتیژیدا پەرەبیستێنێت؟**

- لە ڕاستیدا من نازانم بارودۆخەکە پتر بەرەو توندوتیژی دەڕوات یاخود ئاستی توندوتیژییەکە کەم دەبێتەوە بەڵام پێم وایە کشاندنەوەی ئەم هێزانە هەنگاوێکی ئیجابییەو، پێشمەرجی گفتوگۆیەکی راستەقینەی نێوان عێراقییەکانە بۆ بڕیاردان لە ئایندە و چارەنووسی خۆیان و، ئەمە لە زۆرێك لە وڵاتاندا روویداوە کە لە داگیرکاری رزگاریان بووە و سەربەخۆیی نیشتمانیان بەدەستهێناوە. کە هیوادارم لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەوە لە عێراقدا روویدات.

پرۆفیسۆر ئان شاپیرۆ ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی yale بۆ گوڵان:



# تورکیا دەیەوێت رۆڵێکی گەورە لە ناوچەکەدا بگیرێت، و سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی کوردی بە هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکەکەی دەزانێت

■ پرۆفیسۆر ئان شاپیرۆ بە رەگەز خەڵکی باشووری ئەفریقیایەو ئێستا رەگەزنامەی ئەمەریکی هەیەو ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی yale لە ئەمەریکاو پسپۆرو تایبەتمەندە لە قۆناغی ئینتقالی رژێمە تۆتالیتارییەکان بۆ دامەزراندنی سیستەمی دیموکراتی و رووبەرووبوونەوەی تەنگژەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان.

پرۆفیسۆر شاپیرۆ نووسەری کتێبی (دابەشی بکەو مامەڵەی لەگەڵ بکە: سیاسەتی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی).

بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی ئەمڕۆی عێراق کەبە قۆناغێکی ئینتقای تێدەپەرێت و تەنگژەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر شاپیرۆ کردو لە هەڤپەیڤینێکدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■

> **ئەندامانی دیکەی ڕێکخراوی ناتۆ و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە تایبەتی خوازیارنین تورکیا شەڕێك لە ناوچەکەدا هەڵبگیرسێنێت**

**بەکارهێنانی ڕێگاچارەی سەربازی هەنگاوێکی هەڵەیە**

***لە دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەرەوە، پتر بیر لە پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی کراوەتەوە بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشە و قەیرانەکان، پرسیارەکە ئەوەیە بەکارهێنانی ڕێگاچارەی سەربازی لە بری ڕێگاچارە دیبلۆماسییەکان چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکان لەسەر ئاستە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان؟**

-من پێم وایە بەکارهێنانی ڕێگاچارەی سەربازی هەنگاوێکی هەڵەیە، گەر گرتنەبەری ڕێگاچارەکانی دیکە پتر کاریگەر و پتر سەرکەوتووبن. ئێمە دەتوانین هێز و هۆکار و سەرچاوەگەلی دیکە بەکاربهێنین بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان لە بری شەڕ و ڕووخاندنی ڕژێمەکان، هەروەك لە حاڵەتی عێراقدا بەدیمان کرد

. تورکیا زۆر نیگەرانە لە سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ

***لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تورکیا گەورەترین و نزیکترین هاوپەیمانی ئەمریکایە لە دوای ئیسرائیلەوە، تورکیا دەیەوێت وەکو وڵاتێکی ئیسلامی و دیموکراسی خۆی بسەلمێنێت لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بەڵام ئەو ڕاستییەش ڕوونە کە دامەزراوەی سەربازی زیاتر باڵادەستە وئێستا هەڕەشەی سنووربەزاندن و داگیرکردنی هەرێمی کوردستانی عێراق دەدات بە بیانوی لێدانی چەکدارانی PKK، پرسیارەکە ئەوەیە ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر پێگە و شکۆی تورکیا دەبێت؟**

- من کەسێکی شارەزانیم لە بارودۆخی تورکیا، بەڵام ئەوە ڕوونە تورکیا ڕووبەڕووی هێزێکی گەورەی یاخیبوون بۆتەوە کە لە دانیشتوانە کوردەکەی ناوخۆی وڵاتەکەوە سەرچاوەی گرتووە. و تورکیا زۆر نیگەرانە لە سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، و تورکیا خوازیاری دابەشبوونی عێراق نیە.

> **وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دانیشتنە تایبەتیەکاندا، هەوڵدەدات تورکیا پاشگەز بکاتەوە لە ئەنجامدانی دەستێوەردانی سەربازی**

*** بەڵام تورکیا شانازی بە هێزە سەربازییەکەیەوە دەکات، و هەر ئەمەشە وای لێکردووە هەڕەشە لە دراوسێکانی بکات بەوەی دەتوانێت لەسەر نەخشە بیانسڕێتەوە، پێت وایە تورکیا بەم شێوازە دەبێتە هێزێکی ناوچەیی باڵا و باڵادەست؟ یاخود دەتوانێت بە هۆی ڕێزگرتن لە دراوسێکانی و لە مافەکانی مرۆڤەوە ئەم ئامانجە بەدەستبهێنێت؟**

- من پێم وایە تورکیا دەیەوێت ڕۆڵێکی گەورە لە ناوچەکەدا ببینێت، و تورکیا ئەگەری سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بە هەڕەشە دەزانێت بۆ سەر یەکپارچەی خاکەکەی و ئەوان بەرهەڵستی هاتنەدی ئەم ئەگەرە دەکەن.

***سەرکردە کوردەکان بە تایبەتی، و سەرۆکی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، و سەرۆك کۆماری عێراق هەوڵ و کۆششێکی ڕاستەقینەیان خستۆتەگەڕ بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بارگرژیەکە، بەڵام تورکیا هەڵوێستێکی باشی نەخستۆتەڕوو ئامادەی وتوێژ و دانوستاندن نیە، پێت وایە لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چ هەڵوێستێکی دەبێت، ئایا ئاسەر بێدەنگ دەبێت لە ئاست تورکیادا؟**

-ئەوە پرسیارێکی قورسە.من پێم وایە ئەندامانی دیکەی ڕێکخراوی ناتۆ و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە تایبەتی خوازیارنین تورکیا شەڕێك لە ناوچەکەدا هەڵبگیرسێنێت، و ئەوان بەرژەوەندیەکی ڕاستەقینەیان لە بەرپێگرتنی ئەم شەڕەدا هەیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە سەرکەوتوو دەبن لەو هەوڵەیاندا.

***هەروەك دیارە هەرێمی کوردستانی عێراق ئارامترین و سەقامگیرترین ناوچەیە لە عێراقدا، و وەکو تاکە سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا لە قەڵەم دەرێت لەم وڵاتەدا، و هەرێمی کوردستان بە هاوپەیمانێکی نزیکی ئەمەریکا دەژمێردرێت لە ناوچەکدا. بە چ شێوەیەك ئەمەریکا هەوڵی پاراستن و بەرگریکردن لەم هەرێمە دەدات لە دژی هەڕەشەکانی تورکیا، لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنی هەڕەشەکانی تورکیا دەبێتە هۆی شڵەژاندنی باری ئارام و ئاسایشی ئەم هەرێمە؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دانیشتنە تایبەتیەکاندا، هەوڵدەدات تورکیا پاشگەز بکاتەوە لە ئەنجامدانی دەستێوەردانی سەربازی، بەڵام ڕوونیە ئەمەریکا تا چ ئاستێك کاریگەری و دەسترۆیشتوی هەیە لە بەرامبەر تورکیادا، لەبەر ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣دا تورکیا داواکاری ئەمەریکای ڕەتکردەوە بە ڕێگەنەدان بە هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ئەوەی بە خاکی تورکیادا تێپەڕببن، واتە تورکەکان سەربەخۆن لە هەڵوێست و بڕیارەکانیاندا.

*** پێت وایە خەڵکی کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی تورکیا دەتوانن پشت بە بنکە سەربازیەکانی ئەمەریکا ببەستن کە لە ناوچەکەدا هەن؟**

- نەخێر من لەو باوەڕەدانیم کە ئەمەریکا ئامادەبێت لە بەرژەوەندی کوردەکان بە شێوەیەکی سەربازی بەرەنگاری تورکیا ببێتەوە.

***- هەروەك دەبینین کە هەمیشە دەرئەنجامەکانی بەکارهێنانی هێزی سەربازی بریتین لە توندوتیژی و شڵەژانی باری سەقامگیری، ئەمانە هەمووی بەڵگەی ڕوونی شکستی ڕێگاچارەی سەربازین، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هێزە پەیوەندیدارەکان ڕێگاچارەی ئاشتییانە ناگرنەبەر؟**

- من پێم وایە هۆکارەکە ئەوەیە ئەو وڵاتانە واقیعی نین لەبارەی ئەوەی کە دەتوانن بە هۆی بەکارهێنانی هێزی سەربازیەوە چ دەستکەوت و ئامانجگەلێك بەدەستدەهێنن. بۆ نمونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باوەڕی وابوو داگیرکردنی عێراق ئەرکێکی ئاسانە، هەروەها باوەڕی وابوو کە دەتوانێت بە ئاسانی ڕژێمەکانی ئێران و سوریا بگۆڕێت دوای داگیرکردنی عێراق. واتە زیادەڕەویان کرد لە بەئاسان وەرگرتنی ئەو ئەرکە و بەکەمگرتنی سەختی و دژواریەکان.

**ئەمەریکا بیر لە گرتنەبەری ڕێگاچارەی دیکە دەکاتەوە**

**لەبەرئەوەی باجێکی گران دراوە بە هۆی گرتنەبەری سیاسەتی بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە**

***هـــەروەك دەزانین وڵاتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا لە چوارچێوەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیدا، شەڕی دژە تیرۆری راگەیاند، و دەستیکرد بە گۆڕینی رژێمە دیکتاتۆرییەکان، لە عێراق و ئەفغانســـتاندا، بەڵام تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە لەگەڵ هاوپەیمانەکانیـــدا بارودۆخی ئەم دوو وڵاتە کۆنترۆڵبکات، و ئێستا هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە گەشەکردن و هەڵکشاندان، پرسیارەکە ئەوەیە هەتا کەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا درێژە بە سیاسەتی گۆڕینی رژێمەکان و بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان؟**

- من پێم وایە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا بیر لە گرتنەبەری رێگاچارەی دیکە دەکاتەوە، لەبەرئەوەی نرخ و باجێکی گران دراوە بـــە هۆی گرتنەبەری سیاســـەتی بەکارهێنانی هێزی ســـەربازیەوە، و لەو باوەڕەدام کە چیتر گۆنکرێسی ئەمەریکا پشتیوانی درێژەپێدانی ناکات.

**حاڵی حازر عێراق لە شەڕێکی ناوخۆییدایە دیار نیە چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە**

***- ئەوەی روونە کە چارەسەرنەکردن و ئاڵۆزبوونی کێشەکانی عێراق، وا دەکات ئەم وڵاتە ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی جیهان، و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەیتوانیوە کەلتـــووری لێبوردەیی و یەکتـــری قبوڵکردن لـــە عێراقدا بچەسپێنێت، وە ئێســـتا عێراقییەکان یەکدی رەتدەکەنەوە، وە تا رادەیەك هێنانەدی ئاشـــتەوایی نیشتمانی بۆتە ئەرکێکی مەحـــاڵ، پێـــت وایە باشـــترین رێگاچـــارەی رزگاربوون و دەربازبوون لەم بارودۆخە چییە؟ و پێت وایە چ چارەنووســـێك چاوەڕوانی عێراق دەکات؟**

- من پێم وایە حاڵی حازر عێراق لە شـــەڕێکی ناوخۆییدایە، روون نیـــە چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتـــەوە، و توانای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش بۆ سنووردارکردنی ئەم دەرئەنجامە سنووردارە. و بۆچوونی من ئەوەیە کە تا رادەیەکی زۆر ئایندە و داهاتـــووی عێراق لە لایەن خـــودی عێراقییەکان خۆیانەوە دیاری و دەستنیشان دەکرێت. و من ناتوانم، و پێم وایە کەسی دیکەش ناتوانێت پێشبینی ئەو ئایندەیە بکات.

*** پێـــت وایـــە حکومەتـــی عێـــراق بتوانێن لـــە یەکێك لە قۆناغەکاندا کۆنترڵی بارودۆخی عێراق بکات و داوا لە هێزە ئەمەریکییەکان بکات وڵاتەکە جێبهێڵن؟**

- ئەوە دەوەســـتێتە سەر ئەوەی حکومەتی عێراقی چ توانا و دەسترۆیشتوییەکی دەبێت، و من لەو باوەڕەدام کە حکومەتی ئێستای عێراق هەست ناکات ئەوەندە سەربەخۆیە تاوەکو داوای کشاندنەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا بکات.

***- زۆرێـــك لە چاودێران لەو باوەڕەدان کە چارەســـەرکردنی کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین، دەبێتە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئێستا کێشەی عێراق بۆتە کێشەیەکی گرنگتر و گەورەتر، و شکستهێنانی ئەمەریکا لـــە عێراقدا، دەبێتە هۆی شکســـتهێنانی لە سەرانســـەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، پرســـیارەکە ئەوەیە چۆن ئەمەریکا دەتوانێت لە شەڕی عێراقدا سەرکەوتوو بێت؟ و پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چ سیاسەتێك بگرێتەبەر لە عێراقدا بۆ ئەوەی سەکەوتوو بێت؟**

- من پێم وانیـــە وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا بتوانێت ســـەرکەوتوو بێت لە شـــەڕی عێراقدا، لە بری ئەوە پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەست بکات بە کشاندنەوەی هێزەکانـــی لەم وڵاتـــەدا، و لەگـــەڵ هێـــزە ناوچەییەکاندا کاربکات بۆ ئیحتیواکردنی ئەو تیرۆرەی لە دوای سەردەمی داگیرکاریەوە ســـەریهەڵداوە. و من لـــەو باوەڕەدا نیم بتوانێت کاریگەری هەبێت لەســـەر ئاراستە و دەرئەنجامی ئەو شەڕە ناوخۆییەی لەم وڵاتەدا هەیە.

**لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئێراندا بەرژەوەندی و ناکۆکی راستەقینە هەیە**

*** چۆن پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا لێکدەدیتەوە؟ ئایا پێشـــبینی بەرپابوونی شـــەڕ دەکەیت لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا؟ و گەر ئەم شـــەڕە هەڵگیرسا، ئایا پێشبینی دەکەیت خاکی عێراق ببێتە گۆڕەپانی شەڕەکە؟ئایا هێشتنەوەی هێزە ســـەربازیەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بەشـــێکە لە نەخشە و ســـتراتیژیەتی وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا بۆ ئەوەی بنکەگەلێکی سەربازی نزیکی هەبێت لە ئێرانەوە؟**

- بۆ ئەوەی بەرپەرچی هەڕەشەکانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێـــران بداتـــەوە؟ من پێم وایـــە ناکۆکیەکی راســـتەقینەی بەرژەوەندی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئێراندا هەیە، هەروەها لە لایەکی دیکەوە بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە. بە دڵنیاییەوە ئێمە گرژی و ئاڵۆزیمان هەیە لەگـــەڵ ئێراندا بە هـــۆی درێژەپێدانی هەوڵەکانی بۆ بەدەســـتهێنانی چەکە ناوەکییەکان، و ئێمە هەموو کۆششێك دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی ئێران لەو هەوڵەیدا سەرکەوتو نەبێت. و لە لایەکی دیکەوە ئێمە بەرژەوەندی هاوبەشمان هەیە لە گەڵ ئێراندا وەك پاراســـتنی ســـنوورەکانی عێراق و رێگەگرتن لە گەڕانـــەوەی رژێمی تاڵیبان و کارکردن بۆ ئەوەی قەیرانێکی گەورەی مرۆیی دروســـت نەبێت بە هۆی زۆربوونی ژمارەی ئاوارەکانی شـــەڕی ناوخـــۆی عێراقەوە، کە مـــن پێم وایە پێویستە لەم بوارانەدا شـــێوەیەك لە هاریکاری کردن هەبێت، بەڵام پێویستە لە هەمان کاتدا خواستە ناوەکییەکانی ئێرانیش ئیحتیوا بکەین.

دەزانم ئێوە بە دەســـت کۆمەڵێك کێشەی سەختەوە گرفتارن بە داخەوە ئەمەریکاش بارودۆخەکەی خراپتر کردووە.

***ئەگـــەر وتەیەکـــت هەبێـــت بـــۆ گۆڤارەکەمـــان، یاخود راسپاردەیەکت هەبێت بۆ خەڵکی کوردستان؟**

من هیوای ســـەرکەوتنتان بۆ دەخـــوازم، و من دەزانم ئێوە بە دەســـت کۆمەڵێك کێشەی ســـەختەوە گرفتارن، و بە داخەوە ئەمەریکاش بارودۆخەکەی خراپتر کردووە.

●●●

**حاڵی حازر عێراق لە شەڕێکی ناوخۆییدایە، روون نیە چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە، و توانای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش بۆ سنووردارکردنی ئەم دەرئەنجامە سنووردارە**

●●●

●●●

**من پێم وانیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بتوانێت سەرکەوتوو بێت لە شەڕی عێراقدا، لە بری ئەوە پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەست بکات بە کشاندنەوەی هێزەکانی لەم وڵاتەدا**

●●●


باوەڕەدابوون زۆرینەی خەڵکی عێراق وەکو ڕزگارکەر لێیان دەڕوانن و پشتگیری هەر پلان و پرۆژەیەکی ئەمەریکا دەکەن، بەڵام دواتر دەرکەوت بەشێکی گەورەی دانیشتوانی عێراق درێژەکێشانی داگیرکاری ڕەت دەکەنەوە، ئەمەش سەریکێشا بۆ سەرهەڵدانی یاخیبون و بەرهەڵستکاری بە تایبەتی لە ناوەڕاست و باشووری وڵاتەکەدا.

**●●● وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پاڵپشتی چەسپاندنی فیدراڵیزم دەکات، بەڵام ڕووبەڕووی بەرهەڵستی دەبێت لە ناو حکومەتی عێراقدا ●●●**

## ڕێگە چارەی فیدرالی ڕووبەڕووی بەرهەڵستی دەبێتەوە لە ناو حکومەتی عێراقدا

***هەروەك دەزانین سیستمی فیدراڵی باشترین و سەرکەوتوترین ڕێگای بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراقە، بەڵام ئیدارەکەی سەرۆك بۆش پشتگیری لەم ڕێگاچارەیە ناکات، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- من هاوڕانیم لەگەڵ ئەو کەسانەی باوەڕیان وایە فیدراڵیزم باشترین چارەسەری کێشەکانی عێراقە، و من پێم وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پاڵپشتی چەسپاندنی فیدراڵیزم دەکات، بەڵام ڕووبەڕووی بەرهەڵستی دەبێت لە ناو حکومەتی عێراقدا. تێڕوانینی من ئەوەیە تاوەکو داگیرکاریەکە کۆتایی نەیەت ناتوانرێت کێشەکانی عێراق چارەسەربکرێت، و هەر کاتێك کۆتایی بە داگیرکارییەکە هات ئەوا خەڵکی عێراق بڕیار دەدەن باشترین شێوازی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان چییە.



*** هاوپەیمانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کۆمەڵێك ڕژێم و حکومەتی دیکتاتۆرین لە ناوچەکەدا، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ئەمە شتێکی نوێ نیە. هەمیشە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمی وڵاتەکانی کردووە، کە زۆرجار لە پێناو بەدیهێنان و پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەدا پاڵپشتی ڕژێمە تاکڕەوەکانی کردووە، لە ڕاستیدا مێژووی ئەم سیاسەتە بۆ ڕوژگارێکی دووردرێژی پێش ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە، و ئێستاش بەردەوامی هەیە. بۆ نمونە، عەرەبستانی سعودی کە ڕژێمێکی پاشایەتی دواکەوتوو تێیدا حکومڕانە بەڵام لەبەر ئەوەی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکات ئەوا بۆتە دۆست و هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکان. هەمیشە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بانگەشەی پشتگیری کردنی دیموکراسی کردووە بەڵام هەر کاتێك ناکۆکی لە نێوان ڕژێمێکی دیموکراسی و ڕژێمێکی دیکتاتۆریدا هەبوبێت ورژێمە دیکتاتۆریەکە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکای کردبێت ئەوا پشتگیری لێکراوە.

**●●● وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بانگەشەی پشتگیری کردنی دیموکراسی کردووە بەڵام هەر کاتێک ناکۆکی لە نێوان ڕژێمێکی دیموکراسی و ڕژێمێکی دیکتاتۆریدا هەبووبێت ورژێمە دیکتاتۆریەکە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکای کردبێت ئەوا پشتگیری لێکراوە ●●●**

*** چ پێشبینیەکت بۆ ئایندەی عێراق هەیە؟ گەر چارەنووسی عێراق هاوشێوەی یوگسلافیای پێشو لێکترازان بێت، ئەوا بە چ شێوەیەك نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت؟**

- من دڵنیانیم لەوەی عێراق بەرەو دابەشبون دەچێت یان نا، بەڵام متمانەی تەواوم هەیە بەوەی لە کۆتاییدا داگیرکاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دووچاری شکست وبەزین دەبێت. من نازانم پێش شکستی ئەمەریکا یاخود دوای ئەو شکستە عێراق دابەش دەبێت یا کوردستان جیا دەبێتەوە. من نامەوێت مەزەندەی دەرئەنجامەکانی دابەشبوون بکەم. بەڵام پێم وایە شکستی ئەمەریکا دەرئەنجامگەلێکی باشی دەبێت بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی و یارمەتیدەریان دەبێت لە چۆنیەتی ڕێکخستنی کاروباری وڵاتەکەیان و جێگیرکردنی دیموکراسی تێیدا.

*** چ پیشنیارێکت هەیە بۆ خەڵکی عێراق بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی؟**

من پێم وایە پێویستە یەکگرتوو بن لە بەرامبەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، و هەوڵی پێکهێنانی پەیوەندیگەلێکی پڕ هاریکاری بدەن لەگەڵ گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.